دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٦٢، چوارشەممە، ١٥ی ڕەزبەری ١٣٩٤، ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٥، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

پەیامی سەرەخۆشیی بەڕێز مستەفا هیجری بە بۆنەی ڕووداوی جێژنی قوربانەوە ١
حیزبی دێموکرات ڕێزی لە محەممەد موورادی زیندانیی سیاسی کورد گرت ٢
پەیامی پیرۆزبایی مستەفا هیجری لە جێژنی کۆربین ٣



کێ لە کۆچی ئاوارەکان سوودمەندە؟ ٤



ساردبوونەوەی خەڵک لە مزگەوتە حکوومەتییەکان ٥



سەربەخۆیی کوردستان، خەون یان ڕاستی؟ ٦



تورکیە بەرەو هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازی دیکە ٧

# داعش لە یەمەنیش فریای ڕێژیمی ئێران کەوت

گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی، ناسراو بە داعش بەرپرسیارەتی تەقینەوەکانی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٦ی ئۆکتۆبری لە عەدەن، پێتەختی کاتیی یەمەن وەئەستۆ گرت. خالێدئەلبەحاح سەرۆکوەزیر و ئەندامی دەوڵەتی یاسایی یەمەن، بە زیندویی لەم هێرشە تیرۆریستییە ڕزگاری بوو.

داعش لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیدا وێنەی دوو خۆکوژەکەشی بڵاو کردۆتەوە.

هۆتێلی قەسر، شوێنی مانەوەی بەحاح، سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممە کرایە ئامانجی مووشەکە دوورهاوێژەکان. هەواڵنێری ئەلعەرەبیە لە عەدەن لە زاری کەسانی ئاگادارەوە بڵاوی کردەوە کە، پێش لە هێرشە مووشەکیەکە، ماشینێکی بۆمبڕێژکراو درگای بەشی ڕۆژئاوای ئەم هۆتێلەی کردە ئامانج و هاوکاتیش دوو مووشەك وەبەر هۆتێلەکە کەوت.

تەقینەوەیەکی دیکەشماڵی شێخ ساڵح ئەلعۆلقی کردە ئامانج. هەواڵنێری ئەلعەرەبیە لەو پەیوەندییەدا دەڵێ: ئەم ماڵە، شوێنی مانەوەی هەندێك لە هێزە سەربازییەکان و مانگی سووری ئیمارات بووە.

هەروەها ماشینێکی بۆمبڕێژکراوی دیکەش لە نێزیك درگای پادگانی هێزەکانی ئیمارات لە نێزیك ناوچەی ئەلبەریقە تەقیوەتەوە. ئەم ماشینە نەیتوانیوە بەهۆی دژکردەوەی خێرای هێزەکانی پارێزەری بیناکە، مەئموریەتەکەی بەئەنجام بگەیێنێت.

هەواڵدەریی فەرمیی ئیمارات لە زاری «سەرچاوەی ئاگادار» بڵاوی کردەوە کە ١٥ کەس لە هێزەکانی هاوپەیمانیی عەرەبی لە ئۆپەراسیۆنەکانی ڕۆژی سێشەممەدا کوژراون.

هاوتەریب بوونی هێرشەکانی داعش وێڕای سیاسەتە ڕوو لە شکستەکانی ڕێژیمی ئێران لە یەمەن، لە حاڵێکدایە کە کۆماری ئیسلامی بەردەوام بانگەشەی ئەوەی کردووە کە بەشێوەیەکی چالاك لە دژی داعش شەڕ دەکات.



## وڵاتانی ناوچە سەرقاڵی ڕێکخستنی شەڕی زەوینی لە سووریەدان

دوابەدوای هێرشە هەواییەکانی ڕووسیە لە سووریە، هێزەکانی سووریە وێڕای سپای پاسدارانی ئێران و حیزبوڵڵای لوبنان سەرقاڵی ئامادەکردنی کاروباری سەرەتایی بۆ هێرشی زەوینی لە سووریەدان.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ئاڵمان، هەزاران کەس لە هێزەکانی حیزبوڵڵای لوبنان و سپای پاسداران وێڕای ئەرتەشی سووریە سەرقاڵی گەلاڵەی هێرشی زەوینی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی ئۆپۆزسیۆن لە باکووری شاری ناوەندیی حۆمسن. هەواڵدەریی ڕۆیتێرزیش ڕۆژی پێنجشەممە ڕیکەوتی ١ی ئۆکتۆبر لە زاری دوو سەرچاوەی ئیتلاعاتی لوبنانی بڵاوی کردبوویەوە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سەدان سەربازی ئێرانی بەرەو سووریە بەڕێ کراون.

ئەم هەنگاوەش دەتوانێ تووڕەیی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان و وڵاتانی عەرەبی کە پاڵپشتی ئۆپۆزسیۆنی سووریەنی بەدواوە بێت. پێشتریش ئەم لایەنانە ڕەخنەی توندیان لە هەڵوێستەکانی ڕووسیە گرتبوو.

هەواڵدەریی ئاڵمان بە پشت بەستن بە سەرچاوەیەکی نیزیك لە حیزبوڵڵای لوبنان بڵاوی کردەوە: »هێرشەکانی ڕووسیە لەسەر باکووری ناوچەی حۆمس چڕ کراونەتەوە و دەسپێکی هێرشێکی زەوینییە کە بڕیار وایە لە کاتێکی گونجاودا جێبەجێ بکرێت.» هاوکات یەکێك لە گرووپەکانی دژبەری ڕێژیمی سووریە هێرشەکانی ڕووسیەی بە « داگیرکاری « ناوبرد و گوتی:» هەر هێزێکی داگیرکەر بۆ ئێمە ئامانجێکی ڕێگەپێدراوە.»

ڕامی عەبدولڕەحمان، سەرۆکی ڕێکخراوی چاودێری بەسەر مافەکانی مرۆڤی سووریە لە وتووێژێکدا لەگەڵ هەواڵدەریی فەرانسە گوتوویەتی:» هێرشەکانی ڕووسیە بە مەبەستی داکۆکی کردن لە ڕێژیمی سووریەیە و هێرشەکانیان لە پارێزگاکانی حۆمس، حەما و لازقیە ئەنجام دراون کە پێگەی عەلەوییەکان لەوێدا کەوتونەتە مەترسییەوە.»

ناوبراو بەشێك لە سووریە، واتە حۆمس و حەما و تەلبیسەی بە ناوەندە ئیستراتێژیکەکانی ڕێژیمی ئەسەد ناودێر کرد و ڕایگەیاند هۆکاری هێرشەکانی ڕۆژی چوارشەممەی ڕووسیە بۆ ئەم ناوچانە، داکۆکی کردن لە پێگەی ئەسەد بووە.

## لە ئاڵمان، تاوان و جینایەت لە نێو پەنابەراندا گەیشتۆتە لووتکە

سەدان پەنابەر لە شارەکانی هامبۆرگ و برانشوایگ لە ئاڵمان لێك تێکهەڵچوون. بە وتەی پۆلیسی ئاڵمان هەندێك لەم پەنابەرانە چەکی گەرم و ساردیان پێ‌بووە. لەلایەکی دیکەوە سەرۆکی یەکیەتی پۆلیسی ئاڵمان لەمەڕ زیادبوونی توندوتیژییە جینسییەکان لەدژی ژنان هۆشداریی داوە.

بەپێی ڕاپۆرتی دۆیچەوێڵە، شەوی سێشەممە (٦ی ئۆکتۆبر) نیزیك بە ٦٠پەنابەری ئەفغان و ئاڵبانیایی لە شوێنی مانەوەی کاتییان لە ناوچەی ویلهۆڵمزبۆرگی هامبۆرگ، بە چەکی گەرم و سارد لە یەکتریان داوە.

بەوتەی پۆلیس لەم ڕووداوەدا چەند کەس لە دانیشتوانی ناوچەکە، پەنابەران و پۆلیس بریندار بوون. پۆلیس بەشێك لەو پەنابەرانەی دەستبەسەر کردووە.

پاش ئەوەیکە پۆلیس توانیویەتی کۆتایی بەم تێکهەڵچوونە بهێنێت، خێوەتی یەکێك لە پەنابەران ئاگری تێبەردراوە. بە وتەی پۆلیس دوو کەس بەهۆی هەڵمژینی دووکەڵی ئەم ئاگرە تووشی کێشەی هەناسەدان هاتوون.

لە شاری برانشوایگ لە هەرێمی نیدرزاکسۆنیش نیزیك بە ٤٠٠پەنابەر شەوی سێشەممە لێك تێکهەڵچوون. بەوتەی پۆلیس لە برانشوایگ ئەم ڕووداوە لە نێوان پەنابەرە سووری و ئەلجەزاییرییەکاندا ڕووی داوە. هۆکاری ئەم تێکهەڵچوونەش «دزیی کەلوپەل» ڕاگەیێندراوە.

تا ئێستا لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئاڵمان (لەوانە شارەکانی کلادێن و لایپزیگ) چەندین تێکهەڵچوونی سەخت و خوێناوی ڕووی داوە.

هەروەها سەرۆکی یەکیەتی پۆلیسی ئاڵمان ڕایگەیاندووە، لە کەمپی پەنابەرەکاندا چەندین جار «ئازاری جینسی» ڕووی داوە و ڕاپۆرتەکانی پۆلیس لەمبارەوە دەرخەری خراپتربوونەوەی بارودۆخەکەیە. ناوبراو ڕێژەی ئەم چەشنە تاوانانەی زۆر زیاتر لەو ڕێژەیە ناو برد کە تاکوو ئێستا لە پەروەندەکانی پۆلیس تۆمار کراون. بە وتەی ناوبراو ژنانی پەنابەر بە هۆکارگەلی فەرهەنگی، نایانهەوێ باسی ئەم دەستدرێژییە جینسییانە بکەن کە دەکرێتە سەریان.

وتەبێژی یەکێك لە دامەزراوە خێرخوازییەکان لە کاروباری ژنان لە هەرێمی هەسێنی ئاڵمانیش گووتوویەتی: ئێمە تا ئێستا دەیان ڕاپۆرتی بڕواپێکراومان لەمەڕ «دەستدرێژی و توندوتیژی جینسی لەدژی ژنان» ئامادە کردووە و خستوومانەتە بەردەم بەرپرسانی پێوەندیدار.

## پەیڤ

### کەریم پەرویزی

**وشەی خۆڕاگری ماناکەی ناگەیەنێ.**

هەندێك دەستەواژە و وشە هەن کە لە کاتی ئاساییدا بۆ ڕووداو و دیاردە سیاسی، سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەبرێن کە بە هۆی زۆر دووپاتبوونەوەی ئەو بەکارهێنانە، لە کاتی زۆر زۆر نائاساییدا ئیتر ئەو دەستەواژانە مانای خۆیان نادەن یان لە واقێعدا ئەو مانایە پڕ بە پێستی ئەو ڕووداوە یان ئەو دیاردەیە نابێ.

بۆ وێنە کاتێك باس لە کوشتنی مرۆڤێك بە دەستی مرۆڤێکی‌تر دەکرێ کە بە وشەی تاوان دەناسرێ، ئیتر کردارەکانی کۆماری ئیسلامی وشەی تاوانی بۆ زۆر سووك و بچووك دێتە بەرچاو، ناکرێ بە کوشتنی تاکێك بە دەستی کەسێکی‌تر بە هۆی هەژاری و دەسکورتی، یان گرفتی کۆمەڵایەتی، یان گرفتی دەروونییەوە بگوترێ تاوان و بە ڕژانی خوێنی هەزاران کەس لە ئێران و عێراق و سووریە بە دەستی دەستوپێوەندیەکانی کۆماری ئیسلامیش بگوترێ تاوان!

مرۆڤێك کە لە هەلومەرجی ئاساییدا ژیان و کارەکانی تێپەڕ دەکا، گەر بگاتە دۆخێکی نالەباری ژیان وکارەساتێکی سروشتی یان ڕووداوێکی لەناکاو گوشاری بۆ بێنێ، و لە ژێر ئەو گوشارانەدا خۆی ڕابگرێ و ژیانەکەی بباتەوە سەردەمێکی پێش لەو کارەساتانە و باشتر لەویش، ئەوکات پێی دەڵێن خۆڕاگر.

کەسێکی خەباتکار کە بە دژی ستەمکاران خەبات دەکا و بەتایبەت خەباتکارانێك کە بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی دەبنەوە و لە ژێر گوشار و هەڕەشە و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیدا، لە ژێر گوشاری کەمەرشکێنی دۆخی نالەباری سیاسی‌دا دەست لە خەبات و باوەڕی بەرزیان هەڵناگرن، پێیان دەڵێن خۆڕاگر.

بەڵام ئەوکاتەی بەرەوڕووی کەسێکی وەکوو موحەممەد یەعقووبی، ناسراو بە مورادی دەبیتەوە کە لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا دەکەوێتە بۆسەی هێزەکانی ڕێژیمەوە و دەسبەسەر دەبێ و دوایە لە زینداندا ئەشکەنجەکانی سوپای پاسدارانی نەزانی و دەزگای ئیتلاعاتی ڕێژیمی سەرەڕۆی ئیسلامی دەچێژێ و نزیك بە ٢٠ ساڵی بەردەوام و بێ‌پسانەوە و بێ‌مورەخەسی لە چاڵەڕەشەکانی کۆماری پەت و سێدارەدا لە سەر بیر و باوەڕەکەی دەمێنێتەوە و وەفادار بە ڕێبازەکەی، لە یەکەم ڕۆژەکانی ئازادبوونی لە زیندان، خۆی دەگەیەنێتە کۆڕی یاران، ئیتر وشەی خۆڕاگری زۆر بچووك دێتە بەرچاو، مانای ژیانی و بەرزیی کرداری موحەممەد مورادی و کەسانی وەك ئەو، باڵای زۆر بەرزتر لە خۆڕاگرییە و ئەو چەمکە مانای تەواوی دیاردەکە ناگەیەنێ.

# شاندێکی حیزبی دێموکرات بەشداریی لەکۆڕی پرسە و ماتەمینی «کەریم ئەحمەدپیرە»دا کرد

شاندێکی پێکهاتوو لەئەندامانی ڕێبەریی و ژمارەیەک کادری حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستی دوکتور «میرۆ عەلیار» ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەشداریان لەرێوڕەسمی کۆچی‌دوایی «کەریم ئەحمەدپیردە»دا کرد. ئەو بەشداری کردنە لەو کۆڕە ماتەمینییەدا رۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٣٠ی خەرمانان ١٣٩٤ ئەنجام دراوە و تێیدا شاندی حیزب هاوخەمی خۆی لەو پرسە و سەرخۆشییەدا دەربڕیوە.
هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەم ڕێوڕەسمەدا پەیامی هاودەردی و سەرەخۆشی «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان بە «سەعدی ئەحمەدپیرە» پێشکەش کرد، کە تێیدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، خۆی بە شەریک و بەشداری خەمیان زانیوە.

# پەیامی سەرەخۆشیی بەڕێز مستەفا هیجری بە بۆنەی ڕووداوی جێژنی قوربانەوە

هاونیشتمانیانی بەڕێز،
لە کاتی بەجێهێنانی رێورەسمی ئایینیی حەج و جێژنی قوربانی ئەمساڵ لە شاری مەککەدا، بەداخەوە بەسەدان کەس لە حاجیان بەهۆی قەرەباڵغی و هرووژمی حەشیمەتەوە، بوونە قوربانی و بەم کارەساتە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی بنەماڵەی ئەو حاجیانە و دۆستان و خزمانیان داخداربووون و جێژنیان لێ شێواو ماتەمینی خەڵکی بەدواوە بوو.
لە نێو ئەو ژمارە زۆرە لە قوربانیان و بێ سەروشوێن بوواندا، چەند سەد کەس لە حاجیانی ئێرانیی تێدایە کە دەیان کەسیان کوردی کوردستانی خۆرهەڵات و بەتایبەت لە دانیشتوانی شاری مەهابادن.
وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارەی خۆمان لەو ڕووداوە دڵتەزێنە، سەرەخۆشی لەو بنەماڵانە دەکەین کە خۆشەویستێکی خۆیان لەدەست داوە یان ئازیزێکیان بریندار و یان بێ سەروشوێن بووە.
بەتایبەت سەرەخۆشی لە بنەماڵەی هاونیشتمانیانی کورد دەکەین کە لەم کارەساتە داخدار بوون، ڕۆحی قوربانیانی ئەو ڕووداوە بە بەهەشتی بەرین شاد بێ.
هیوای هەرچی زووتر سارێژبوونەوەی برینی بریندارەکان دەخوازین و هیواداریـن هەرچی زووتر هەواڵی سەلامەتیی بێ سەرو شوێنەکان، خۆشی بخاتە دڵی بنەماڵە و دۆستانیانەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری
١٣٩٤/٧/٤
٢٠١٥/٩/٢٦

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوودا کۆبووە

کۆبوونەوەی ئەمڕۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەئاستی دەفتەری سیاسی‌دا ئەنجام دراوە و ئەم کۆبوونەوەیە چەند کاتژمێری خەیاند.
لەم دانیشتنەدا مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلێدوانێکدا سەبارەت بە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ ڕایگەیاند: «ئەم کۆبوونەوەیە لەدرێژەی کۆبوونەوەکانی پێشوودا ئەنجام دراوە و بە مەبەستی لەیەکتر نزیک‌بوونەوە بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو وتووێژ کراوە».
هەروەها مستەفا هیجری لەدرێژەی قسەکانیدا ڕایگەیاند: «لەم کۆبوونەوەیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی پێشوو «حوسنی نییەتی» خۆیان بۆ یەکگرتنەوە نیشان داوە و لەو ئاراستەیەشدا زیاتر هەنگاو دەنێین و هەروەها لەم کۆبوونەوەیەدا بە ڕوونی باسی خاڵە هاوبەش وناکۆکەکان کراوە کە لەکۆبوونەوەکانی دیکە کە لەداهاتوودا ئەنجام دەدرێت هەوڵ دەدەین یەکلایی بکرێنەوە».
ماوەی ٨ ساڵ لەمەوبەر لەوەرزی پاییزی ساڵی ١٣٨٥ی هەتاویدا، ژمارەیەک لە ئەندامانی رێبەری و کادرو پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی هەندێک کێشەی نێوخۆیی حیزبی لەو حیزبە جیا بوونەوە .
لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا هەتا ئێستا چەندین کۆبوونەوە لە ئاستی جیاوازی رێبەرایەتی لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوودا ئەنجام دراوە و لە ئێستادا دەورێکی دیکە لە دانیشتن و وتووێژ بەمەبەستی یەکگرتنەوە دەستی پێکردووەتەوە.

# ئەندامێکی دێرینی حیزبی دێموکرات ماڵاوایی لە ژیان کرد

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٥ی ڕەزبەری ١٣٩٤ی هەتاوی، سەید»مستەفا سیادەت» خەڵکی گوندی «تورجان»ی ناوچەی بۆکان، ماڵاوایی لە ژیان کرد.
کاك سەید مستەفا لە بنەماڵەی تێکۆشەری ناسراوی کورد حاجی باباشێخی سیادەت، سەرۆك وەزیرانی کۆماری کوردستان بوو.
ناوبراو کەسێکی نیشتمانپەروەر و لە کۆڕی خەباتگێڕانی حیزبی دێموکراتدا خەباتی دەکرد و هەردەم هاوکار و یاریدەدەری خەباتی ڕەوای گەلەکەی بوو.
کاك مستەفا، گەلێك جار لەلایەن ڕێژیمی دژەکوردی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی‌یەوە بەتاوانی نیشتمانپەروەری، لە بەندیخانە و ئەشکەنجەگاکاندا ئازاریان دا.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری «مستەفا سیادەت» دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

# پەیامی پیرۆزبایی مستەفا هیجری لە جێرێمی کۆربین بە بۆنەی هەڵبژاردنی ناوبراو بە سەرۆکی حیزبی کرێکاری بریتانیا

بەڕێز جێرێمی کۆربین
لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەم بە بۆنەی هەڵبژاردنتان بۆ سەرۆکی حیزبی کرێکار.
هیواداریـن کە حیزبی کرێکار لەژێر سەرۆکایەتی تازەی‌دا، بەردەوام بێت لە پشتیوانیی سیاسی و مەعنەوی مێژینەی خۆی بۆ خەبات بۆ مافی مرۆڤ و دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت لە ئێراندا.
پشتیوانی لە خەبات بۆ دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گرینگی تایبەتی هەیە بۆ ڕێگە خۆش کردن بۆ بەدەستهێنانی ئارامییەکی جێگیر و ئاشتییەکی بەردەوام لەم بەشە گرینگەی جیهاندا. هۆکاری سەرەکی بۆ بەردەوامیی کێشەکان لەم ناوچەیەدا، لەوانە مەسەلەی تیرۆریزم و پەیدابوونی ڕێکخراوی توندڕەوی وەك داعش، پاوانخوازیە.
کۆماری ئیسلامیی ئێران بەشێوەیەکی سیستماتیکی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتیکی لەناو خۆی ئێراندا سەرکوت کردوە، لە هەمان حاڵدا سەرەکیترین پشتیوانی گرووپە تیرۆریستییەکانە، ئەم کۆمارە نەتەنیا یارمەتی مانەوەی ڕژێمی دڕندەی ئەسەد لەسەر تەخت دەدات، بەڵکوو بەشداریی ڕاستەوخۆی هەیە لە کوشتنی خەڵکی مەدەنی و بێ‌گوناح لە سووریە. هەربۆیەش پشتیوانیتان بۆ گۆڕینی ڕێژیمی ئێران و هێنانە سەرکاری حکومەتێکی دێموکراتیك ئەمرێکی زۆر گرینك و ستراتیژیکە بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکەدا.
پێشتیوانی لە مافی نەتەوەیی کورد، پێویستە بە گرینگیەکی زۆرەوە سەیر بکرێ بۆ بەدیهێنانی ئەم ئاشتی و ئاسایشە. جەنابتان وەك کەسێکی سیاسیی بە بیر و باوەڕ ناسراون، بۆیەش هیواداریـن ئێوە پشتیوانی خەباتی ڕەوا و مێژینەی ئێمە بن بۆ بەدەست هێنانی ئازادی، دێموکراسی و مافە ڕەواکانی گەلی کورد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری
سێپتامبری ٢٠١٥

# حیزبی دێموکرات لە سەر بانگهێشتی فەرمیی حیزبی کرێکاری بریتانیا لە کۆنفڕانسی ساڵانەی ئەو حیزبەدا بەشداری کرد

ڕۆژانی دووشەممە و سێشەممە ڕێکەوتی ٦ و ٧ی ڕەزبەری ١٣٩٤ی هەتاوی، نوێنەرایەتی دەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی بریتانیا، بە سەرپەرستی «ئاکام ڕەحیمی»، بە پێی بانگهێشتی فەرمیی حیزبی کرێکاری بریتانیا لە کۆنفڕانسی ساڵانەی ئەو حیزبەدا بەشداری کرد.
«جێرێمی کۆربین»، سەرۆکی تازەی حیزبی کرێکار لەم کۆنفرانسەدا باسێکی پێشکەش کرد و لە قسەکانیدا جەختی کردەوە، حیزبەکەی پشتگیری لە مافی مرۆڤ دەکات. ناوبراو لە قسەکانی‌دا بایەخی تایبەتی بە تێکۆشان لە ڕێگای بەدیهێنانی ئازادی و دێموکراسی دا.
لەو کۆنفرانسەدا شاندی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە چەندین کۆبوونەوەی پێوەندیدار لە سەر سیاسەتی دەرەوەی حیزبی کرێکار و بارودۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشداری کرد و لەگەڵ بەشداراندا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.
حیزبی کرێکار، یەکێك لە حیزبە سۆسیال دێموکراتە چەپە میانەڕەوەکان و یەکێك لە حیزبە سەرەکیەکانی بریتانیایە و لە ساڵی ١٩٠٠ی زایینی‌دا دامەزراوە، هەنووکە ئەو حیزبە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر بڕیارەکانی بریتانیا بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە هەیە و لەم چەند مانگەی دواییدا بە سەرۆکایەتی جێرێمی کۆربین جەماوەرێکی زۆری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.
هەروەها لەو کۆنفڕانسەدا، نوێنەری حیزبی دێموکرات پەیامی پیرۆزبایی «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە جێرێمی کۆربین سەرۆکی نوێی حیزبی کرێکاری بریتانیا گەیاند.

# دوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بریندار بوون

تیمێکی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەوی چوارشەممە ڕێکەوتی ٨ی ڕەزبەری ١٣٩٤ی هەتاوی، کە سەرقاڵی چالاکی حیزبی و پێوەندی گرتن لەگەڵ خەڵک‌دا بوونە لە کاتی گەڕان لە ناوچەدا، کەوتوونەتە سەر مینە چێندراوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە ئاکام‌دا بریندار بوونە.
بە پێی زانیارییەکانی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، تیمی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە کاتی گەڕان لە ناوچەدا لە شاخی «سیغێ دەرێ» لە سنووری پیرانشار، کاتژمێر ٨ی شەو، ڕێکەوتی ٨ی ڕەزبەری ١٣٩٤ی هەتاوی، کەوتوونەتە سەر مینی چێندراو و ٢ پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بریندار بوون.
بە پێی دوایین زانیارییەکان، ٢ بریندارەکە گەیەندراونەتە نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە شاری هەولێر و دوای چارەسەری پزیشکی یەکێکیان برینەکەی سووک بووە و چارەسەر کراوە و برینی ئەو پێشمەرگەی دیکە قورس بووە و هەر لە نەخۆشخانە دایە.

# باوکی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٣ی ڕەزبەری ١٣٩٤ی هەتاوی، «فایەق عەزیمی» ناسراو بە «فایەق بەگ» باوکی «فەرەیدوون عەزیمی» پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، خەڵکی گوندی»کەڕاوا»ی ناوچەی «شامیان»، سەر بە شاری «سەولاوا»، لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا بە هۆی بەساڵاچوویی ماڵاوایی لە ژیان کرد.
فایەق عەزیمی کوڕی «تۆفیق عەزیمی» ساڵی ١٣٠٦ی هەتاوی، لە گوندی «کەڕاوا»ی ناوچەی شامیانی سەولاوا لەدایك بووە.
ناوبراو کەسێکی ناسراو و خۆشناوی ناوچەی شامیان بوو، هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە ئۆگری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و وەك کەسێکی حیزبدۆست و نیشتمانپەروەری ناوچەکە جێگای متمانە و ڕێزی خەڵك بوو.
کاك فایەق زۆرجاران خۆی و بنەماڵەکەی لە خزمەت حیزب و شۆڕش‌دا بوون و بەو هۆیەوە زۆرجار لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر و ئازار دراوە، بەڵام تا دوایین ساتەکانی ژیانی وەفادار بە حیزب و گەلەکەی مایەوە.
تەرمی کاك فایەق لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکە و خزم و کەس‌وکاری و دۆستانی لە شاری مەریوان بە خاك سپێردرا.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس‌وکاری «فایەق عەزیمی» دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

# حیزبی دێموکرات ڕێزی لە محەممەد مورادی زیندانیی سیاسی کورد گرت

بە بۆنەی ئازادکرانی «محەممەد یەعقووبی» ناسراو بە (محەممەد مورادی) ڕێوڕەسمێک بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ ڕێزگرتن لەو زیندانییە سیاسییە بەڕێوە چوو.
سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێ‌دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.
پاشان «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەم بۆنەوە چەند وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووانی ئەم ڕێوڕەسمە کرد.
مستەفا هیجری لە سەرەتای قسەکانیدا باسی « خەبات و تێکوشانی حیزبی دێموکراتی کرد کە بە درێژایی خەباتەکەی بە هەزاران ڕۆڵەی گەلەکەی لە ڕێگای ئازادی نەتەوەکەیان شەهید بوونە و بە دەیان کەس لەو ڕێگایەدا لە زیندانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا لەژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوونە».
سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وتی: «هەڵسوکەوتی زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا سەرەڕای هەموو بێ‌حورمەتییەکانی بەرپرسانی زیندان بە شێوەیەک بووە کە حورمەتی بەرپرسانی زیندانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە».
هەروەها هیجری لە درێژەی قسەکانیدا وتی: « سەرەڕای ئەوەیکە ئازار و ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا هیچ سنوورێکی نییە بەڵام دایک و باوکانی ئەو زیندانییانە سەبر و تەحەمولێکی بێ‌وێنەیان لە دووری و خەمی ڕۆڵەکانیان هەیە کە جێگای شانازییە و ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێز دادەنێین بۆ هەموو بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی».
دواتر پەخشانێک لەژێر ناوی «کانیی ورە» لە لایەن «چەنگیز سیگارچی»ـەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.
لە بڕگەیەکی دیکەدا لە لایەن «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەوحی ڕێزلێنان پێشکەش بە «محەممەد موڕادی» زیندانی سیاسی کرا.
دواتر «ڕۆستەم جەهانگیری» ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەپکە گوڵی ڕێزلێنانی پێشکەش بە «دایکی محەممەد موڕادی» کرد.
«محەممەد یەعقووبی» ناسراو بە «محەممەد موڕادی» خەڵکی «سەرپێڵ زەهاو» لە گوندی «چەوتە» ڕێکەوتی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی پەیوەست بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە.
ناوبراو لە جەولەیەک‌دا لە ناوچەی «داڵاهۆ» لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی لە لایەن چەند بەکرێگیراوێکی ڕێژیم بە دیل گیرا و لە دادگایی‌کردنێکی نمایشیی ڕێژیمدا بە ٢٠ ساڵ زیندان مەحکووم کرا.
ئەو زیندانییە سیاسییە پاش کێشانی ٢٠ ساڵ زیندانی زێدی خۆی بەجێهێشتووە و جارێکی دیکە ڕووی لە ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات کردووەتەوە.

## فیلمی منداڵانی کۆبانێ و شنگال لە فێستیڤاڵی پووسان نمایش کرا

فیلمی دیکۆمێنتاری ـ چیرۆکی «ژیان لە سنوور»، (Life on the Border) لە دەرهێنانی هەشت منداڵی شارەکانی کۆبانێ و شنگال و بە ڕێنوێنی «بەهمەن قوبادی» و لە بەرهەمهێنانی کۆمپانیای سینەمایی «مژ فیلم»، لە یەکەمین نمایشی جیهانی خۆیدا نمایش کرا و لەگەڵ پێشوازیی بەرینی بەشداربووان بەرەوڕوو بووەوە.

ئەم فیلمە لە بەشی «نمایشی کورتە فیلمەکان» لە نێو بیستەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «پووسان» (Busan) لە وڵاتی کۆریای باشوور پێشکەش کرا.

پێشوازیی بینەران لە فیلمی «ژیان لە سنوور» بە شێوەیەك بوو کە بەرپرسانی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «پووسان» سانسی نمایشی زیاتریان بۆ ئەم فیلمە دیکۆمێنتاری ـ چیرۆکیە تەرخان کرد.

قوبادی پاش نمایشی ئەم فیلمە لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «پووسان»دا لە وتووێژێکدا ڕایگەیاند: «ئەگەر ئەم منداڵانە ئیمکانی باشتریان لە بەردەستدا بێت بێگومان لەوە باشتر فیلم سازدەکەن.

قوبادی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی: « کورد دەبێت ئەمرۆکە وڵاتی خۆی هەبێت، ئەگەر کۆمەڵگای جیهانی یارمەتی ئەم داواکارییەی کوردەکان نەکەن، دیسانەوە کارەساتێکی دڵتەزێنتر لە چاوەڕوانی کوردەکاندایە و ئەوان دەبێت وڵامدەری ئەم ڕووداوە بن».

فیلمی ژیان لە سنوور ڕێکەوتی ١٦ی ڕەزبەری ١٣٩٤ی هەتاوی، لە بەشی فیلمە کوردییەکان دیسانەوە نمایش دەکرێتەوە.

## دوو مێرمنداڵی کاراتەکاری کورد لە ڕکابەرییەکانی ئێران سەرکەوتنیان بەدەست هێنا

دوو مێرمنداڵی وەرزشکاری کورد لە ڕکابەرییەکانی کیك جیتسۆ MMA کە لە پارێزگای خووزستان بەڕێوەچووە، توانیویانە میداڵی زێڕ و زیو و بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، دوو برا بە ناوەکانی محەممەد و عەزیز نامدار، پاش ئەوەی کە لە ڕکابەرییەکانی کیك جیتسۆی شاری ئەهوازدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، بۆ هەڵبژاردەی کاراتەی ئێران هەڵبژێردراون.

لەو ڕکابەریانەدا هەڵبژاردەی شارەکانی بۆکان و مەهاباد لە ژێر ناوی هەڵبژاردەی کیك جیتسۆی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بەشدار بوون و توانیویانە چەندین میداڵ بەدەست بهێنن.

هەڵبژاردەی کیك جیتسۆی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا لەو ڕکابەریانەدا ٨ میداڵی زێڕ و ٥ میداڵی زیویان بەدەست هێناوە، هەروەها لە ئاستی ئێرانیشدا پلەی دووهەمیان هێناوەتەوە.

هەڵبژاردەی شاری بۆکان بە ڕاهێنەریی ئەیوب فەهیمی و هەڵبژاردەی مەهاباد بە ڕاهێنەریی سوهراب و شەهاب هاشمی بووە.

محەممەد و عەزیز نامدار، ئەم دوو برا جمکە، پێشتریش لە چەندین ڕکابەریی وەکوو: پاڵەوانیەتی کیك جیتسو (MMA)ی ساڵی ٩٠ی هەتاوی شاری بۆکان، پاڵەوانیەتی ئێران، پاڵەوانیەتی پارێزگای کوردستان، پاڵەوانیەتی «فوول کیك بۆکسینگی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا» و پاڵەوانیەتییەکانی ساڵی ١٣٩٤ی کەرەج و ... سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە.

## سێ کتێبی بەهمەن قوبادی لەسەر سینەما و فیلمەکانی بڵاو کرایەوە

لەسەر فیلمەکان و سینەمای «بەهمەن قوبادی>>، سینەماکاری بەناوبانگی کورد، سێ کتێب بە زمانی تورکی لە تورکیە بڵاو کرایەوە و خرایە بەر دیدی خوێنەران.

کتێبی یەکەم بە ناوی «کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن» (Kaplumbağalar da Uçar) بە شێوەیەکی تێروتەسەل باس لە سێهەمین فیلمی سینەمایی «بەهمەن قوبادی» و ناوەڕۆکی ئەم فیلمە کوردیە دەکات.

کتێبی دووهەم بە ناوی «سینەمای کوردی» (Kurt Sinemasi) ئاماژە بە سینەمای کوردی دەکات و بەشێکی سەرەکیی ئەم کتێبە سەبارەت بە سەرجەم فیلمەکانی «بەهمەن قوبادی»یە کە تا ئێستا بەرهەمی هێناون.

لەم کتێبەدا بۆ یەکەم جار، وتووێژی «بەهمەن قوبادی» لەگەڵ سینەماکاری ناوداری ئیتالیایی «بێناردۆ بێرتۆلۆچی» (Bernardo Bertolucci) بڵاوکراوەتەوە کە بە تێروتەسەلی ئاماژە بە سینەمای کوردی کراوە.

لەو وتووێژەدا باس لەوە کراوە کە سینەمای کوردی بە فیلمی سینەمایی «کاتێك بۆ مەستی ئەسپەکان» لە دەرهێنانی «بەهمەن قوبادی» دەست پێدەکات و شەپۆلی سینەمای کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە فیلمەکانی ئەم سینەماکارە بەئەزموونە کوردە سەری هەڵداوە.

ئەم کتێبە لە لایەن دەزگای «ئاگۆرا کیتاپلیگی» (Agora Kitapligi)چاپ و بڵاو کراوەتەوە و لە لایەن ماڵپەڕی ناوداری «ئامازۆن» (Amazon) ەوە ڕیکلامی بۆ دەکرێت.

کتێبی سێهەم بە ناوی «پەردەی ڕەش و سپی » (Kara Perde) سەبارەت بە فیلمی سینەمایی «وەرزی کەرگەدەن» پێنجەمین بەرهەمی ئەم سینەماکارە کوردەیە. کە لە لایەن دەزگای «سینەما ئایرینتی» (Sinema Ayrıntı)چاپ و بڵاوکراوەتەوە و خراوەتە بەر دیدی خوێنەران.

## کۆنسێرتێک بۆ پشتیوانی لە ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس بەڕێوە چوو

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٣ی ڕەزبەری ١٣٩٤ی هەتاوی، بە مەبەستی پشتیوانیی ماڵی لە ئەنیستیتۆی کورد لە پێتەختی فەرانسە کۆنسێرتێکی هونەری لە لایەن هونەرمەندانی کورد بەڕێوە چوو.

لەو کۆنسێرتەدا، هونەرمەندانی بەناوبانگی کورد وەک «شوان پەروەر» و «مچۆ کۆندەش» چەندین گۆرانیان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و هەروەها هونەرمەند کۆندەش چەند گۆرانی کلاسیکی کوردی دیکەی پێشکەش کرد.

دواتر هونەرمەند شوان پەروەر، هونەرمەندی بەناوبانگی کورد دوای پێشکەشکردنی چەند گۆرانی و سروود ، باسی هەوڵ و تێکۆشانی بێوچانی شەهیدی نەمر دکتور «قاسملوو «ی کرد کە بۆ دامەزراندنی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس هەوڵێکی زۆری داوە.

هەروەها، شوان پەروەر سەبارەت بە پشتیوانییەکانی دەوڵەتی فەرانسە لە گەلی کورد سپاسی ئەو دەوڵەتەی کرد.

بێرنارد کۆشنێر، وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی فەرانسە لە نامەیەکدا داوای لە فرانسوا ئۆلاند سەرکۆماری فەرانسە کردبوو کە لە بورای ماڵی پشتیوانی لە ئەنیستیتۆی کورد بکات.

ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس ساڵی ١٩٨٣ی زایینی دامەزرا و ڕێکخراوێکی سکۆلار و غەیرە سیاسییە کە ئامانجی ئەو ئەنیستیتۆیە پاراستنی مێژوو و فەرهەنگی کوردستان و ئاشنابوونی لێکۆڵەرانی ئورووپایی و ڕۆژئاوا لەگەڵ مێژووی نەتەوەی کوردە کە دوای تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ لە دامەزانی ئەو ئەنیستیتۆیە، لە لایەن حکوومەتی ئەو کاتی فەرانسە بە فەرمی ناسرا.



## سنووردار کردنی مافەکانی یەکێک لە زیندانییەکانی ڕووداوەکەی هۆتێل تارا

ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباد بەپێچەوانەی پرەنسیپە مرۆییەکان لەگەڵ زیندانییەکی کورد هەڵسوکەوت دەکات.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری کوردپا، زیندانییەکی زیندانی مەهاباد بە ناوی «ئۆمید دەباغچی موکری»، لەلایەن بەرپرسانی ئەمنیەتیی ڕێژیمەوە ڕێگری لێکراوە کە چاوی بە بنەماڵەکەی بکەوێت.

ئەم سنووردار کردنە بە چەشنێکە کە ئەم هاوولاتیە ٣٣ ساڵە تەنیا دەتوانێ سێ مانگ جارێك چاوی بە بنەماڵەکەی بکەوێت.

ائۆمید دەباغچی موکری: تۆمەتی کۆبوونەوە و تەبانیکردن لەدژی ئەمنیەتی نەتەوەیی، پڕوپاگەندە لەدژی نیزام و بوونی پێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆن بەتەواوەتی ڕەد دەکەمەوە

چەند سەرچاوەیەکی ئاگادار بە هەواڵنێری کوردپایان ڕاگەیاند، ئەم بەندکراوە لە کۆتاییەکانی مانگی پوشپەڕی ئەمساڵ، پاش چەندین مانگ بێسەروشوێن بوون بۆ زێندانی ناوەندیی مەهاباد ڕاگوێزراوە.

ئۆمید دەباغچی موکری ڕۆژی هەینی یازدەی بانەمەڕی ٩٤ و هاوکات لەگەڵ نارەزایەتی دەربڕینەکانی خەڵکی مەهاباد لەهەمبەر ڕوداوی هۆتێل تارای ئەم شارە دەستبەسەر کراوە.

ناوبراو لە یەکەمین دانیشتنی دادگاییەکەیدا کە ڕێکەوتی ٤ی گەلاوێژ لە دادگای ئینقلابی مەهاباد بەڕێوەچوو، باسی لە ئەشکەنجەی مەئمورەکانی ئیتلاعات لە ورمێ کردبوو و گوتبووی: تۆمەتی کۆبوونەوە و تەبانیکردن لەدژی ئەمنیەتی نەتەوەیی، پڕوپاگەندە لەدژی نیزام و بوونی پێوەندی لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆن بەتەواوەتی ڕەد دەکەمەوە.

ئەم ئەندازیارەی کامپیوتێر بە بڕیاری دادوەر چاوەڕوانی بەڕێوەچوونی دانیشتنێکی دیکەی دادگا (ئەمجارەیان بە بەشداریی کارناسان و لێکۆڵەرانی وەزارەتی ئیتلاعات) دەکات.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا وەزارەتی ئیتلاعات هەوڵی داوە ئیعترافی تەلەفزیۆنی لە زیندانیانی سیاسی وەربگرێت.

ڕێکەوتی ١١ی بانەمەڕ و پاش مەرگی گوماناوی کچێکی کورد بە ناوی فەریناز خوسرەوانی لە هۆتێل تارای مەهاباد، شەپۆلێك لە نارەزایەتی بەرین شەقامەکانی ئەم شارەی هەژاند کە بەو هۆیەوە چەندین کەس بریندار بوون و یەك کەس کوژرا و دەیان کەسیش دەستبەسەر کران.

## ڕێژیمی ئێران پێشی بە بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی کوردەکانی خوراسان گرت

فێستیڤاڵی پیرانی «چەنگی» کە هەموو ساڵێك لە شاری قووچان لە باکووری خوراسان بەڕێوە دەچوو و لەو فێستیڤاڵەدا هۆنەرمەندانی کوردی ئەو ناوچەیە و بە تایبەتی کەسایەتییە ناسراوەکانی بواری مۆزیکی کۆنی ئەو ناوچەیە تێیدا بەشدار دەبوون، ئەمساڵ پێشی پێ گیراوە و ئیزنی بەڕێوەچوونی نادرێت.

بەپێی زانیارییەکان، ئەمساڵ لە ڕۆژی بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵەکەدا، لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم و فەرمانداریی شاری قووچانەوە ئیزنی بەڕێوەچوونی نەدراوە و ئەوەش لە کاتێکدایە کە تێچوویەکی زۆر بۆ ئەو فێستیڤاڵە لەلایەن کوردانی ئەو ناوچەیەوە سەرف کراوە.

لەو فێستیڤاڵەدا کە ساڵانە بەڕێوە دەچوو، ڕێز لە گەورە هونەرمەندانی کۆچ کردووی کوردی ئەو ناوچەیە، وەك «ئیسماعیل سەتارزادە»، «حاج سلێمان قوربانی» دەگیرا هەروەها هونەرمەندانی کوردی ئەو ناوچەیە تێیدا بەشدار دەبوون.

## لێبوردن سەرکەوت بەسەر تۆڵەدا/ لاوێکی پاوەیی لە مردن ڕزگاری بوو

بنەماڵەی هاوولاتییەکی پاوەیی کە کوژرابوو، بە بەخشینی سزای سێدارەی بکوژی ڕۆڵەکەیان، ژیانیان بۆ لاوێکی دیکە گەڕاندەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، بەشێك لە کەسایەتییە فەرهەنگی و مەدەنییەکانی شاری پاوە چوونەتە ماڵی نەزیف ڕۆستەمی و توانیویانە ڕەزایەتی ناوبراو بۆ بەخشینی بکوژی کوڕەکەیان بەدەست بێنن.

ئەو چاوپێکەوتنە، ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٦ی ڕەزبەر، لە مەزگەوتی گوندە «بانەوڕە»ی پاوە و بە خوێندنەوەی دەقی ڕەزایەتننامەی بنەماڵەی ڕۆستەمی و بە بەشداریی بنەماڵەی بکوژی کوڕەکەیان بەڕێوە چووە.

مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی ، بەهۆی کێشەیەکەوە کە لە گوندی «چۆڕەژێ»ی پاوە هاتە ئاراوە، کەسێك بەناوی سەبوور ڕۆستەمی بە چەند زەربەی چەقۆ گیانی لەدەست دا. ئارمان موورادی کە بە تاوانی کوشتنی ناوبراو دەستبەسەر کرابوو، پەیوەندیی خزمایەتی لەگەڵ کوژراوەکەدا هەبووە.

سەرچاوەکانی هەواڵ ڕایانگەیاندووە کە عەبدوڵڵا عوسمانی خێرخوازی خەڵکی بانەوڕە و هەروەها جەلیل بەهرامینیا بە نوێنەرایەتی خەڵکی «بلە» لەو پەیوەندیەدا ڕۆڵێکی باشیان گێڕاوە.

سزای « قصاص نفس» لە یاسای ئێراندا بە مەبەستی سزادانی قەتڵی ئەنقەست لەبەرچاو گیراوە و جێبەجێکردنی مافی بنەماڵەی کوژراوە و دەتوانن بیبەخشن و یان بە مەبەستی جێبەجێکردن بیدەن بە دەستی حاکمی شەرعەوە.

ئێران یەکێك لەو وڵاتانەیە کە زیاترین ڕێژەی ئێعدامی تێدا بەڕێوە دەچێت و ئەمەش بووەتە هۆی نارەزایەتی ناوەندە نێونەتەوەییەکان.

## چالاکێکی مەدەنیی کورد بە ٣٠ مانگ زیندانی مەحکووم کرا

یەکێک لە چالاکانی مەدەنی کوردی خەڵکی شاری سەردەشت لەلایەن دادگای ئینقلابی شاری مەهابادەوە ٣٠ مانگ زیندانیی بۆ بڕایەوە.

بەپێی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لقی ١٠ی دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای ورمێ بە سەرۆکایەتی «خەلیلزادە»، حوکمی ٣٠ مانگ زیندانیی «پێشەواساڵحزادە»ی کە لەلایەن لقی دووهەمی دادگای ئینقلابی مەهاباد دەرکرابوو، تەئید کرد.

ئەو هاووڵاتییە کوردە بە «چالاکی دژی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران و ئەندامەتی لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران» تاوانبار کراوە.

پێشەوا ساڵحزادە ڕێکەوتی ٧ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی، لەلایەن تیمی عەمەلیاتی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهاباد دەستبەسەر و دوای ٥ ڕۆژ زیندانی بوون لە ژووری تاکەکەسیی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەردەشت، مەهاباد و ورمێ بە دانانی بارمتەی ١٥٠ میلیۆن تمەنی بە شێوەی کاتی ئازاد کرا.

ساڵحزادە، دامەزرێنەر و بەرپرسی NGOی «تیرۆژ»ی سەردەشت و بەرپرسی ماڵپەڕی «شارۆ»یە.

ڕۆژی هەینی ڕابردوو، ڕێکەوتی ٣ی ڕەزبەری ١٣٩٤ی هەتاوی، بان کی مون، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاپۆرتێکی نوێی لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە حکوومەتی ئیسلامیدا بڵاو کردەوە.

بان کی مون لەو ڕاپۆرتەدا باسی لەوە کردووە کە شەپۆلی دەستبەسەرکردنی چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە دەوڵەتی حەسەن ڕوحانیدا بەردەوام درێژەی هەیە.

# کێ لە کۆچی ئاوارەکان سوودمەندە؟

مستەفا هیجری




لە ڕێکەوتی ٩ی مارسی ٢٠١٥ی زایینی، لە وتارێکدا کە لە ژێر ناونیشانی « کۆماری ئیسلامی چ خەونێك بۆ عێراق دەبینێ؟»، بە پشت بەستن بە هێندێك زانیاری ورد و لێکدانەوە، پەنجەمان بۆ ئەو ڕاستییانە ڕاکێشا بوو کە ئێران چۆن لە پیلاندایە بۆ گۆڕینی دیموگرافیای عێراق. کۆبەندی وتارەکە بەم دێرانە کۆتایی پێ دێ» بەم چەشنە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ نەخشەی عێراق بە شێوەیەك دابرێژێتەوە کە نە کورد و نە سوننە هێزی بەربەرەکانێیان لەگەڵ حکوومەتی شیعەی عێراق نەمێنێ و بۆ خۆی بە نوێنەرایەتی حکومەتی بەغدا ئەو وڵاتە بەو شێوەیەی کە دڵخوازیەتی بەڕێوە بەرێ. ئەم پلانە زەنگێکی مەترسیدارە، نەك هەر بۆ عێراق، بەڵکوو بۆ خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە زاڵبوونی هەرچی زیاتری کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەناردەکردنی خێراتری شۆڕشەکەی بۆ وڵاتانی ئەم ناوچەیە. ئەم پلانە لەسەر سیاسەتی ئاژاوەنانەوە، بەردەوامیی شەڕ، پەرەپێدانی برسیەتی و چاولەدەست کردنی خەڵك، وێرانکردن، دووبەرەکی سازکردن، دوژمنایەتی پێکهێنان لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی خەڵکی ئەو ناوچە، توقاندن و تیرۆرکردن دارێژراوە» .

لەو کاتەوە تا ئێستا ئەگەر بە وردی سەرنجی ڕەوتی ڕووداوەکان بدەین، زۆر بە ئاشکرا ڕەوتی ئەو گۆڕانە دێموگرافیانە بەرچاو دەکەوێ. یەکێك لەو ڕووداوانە پرسی ئاوارەکانە کە لە ماوەی یەك مانگی ڕابردوودا بە شێوەیەکی کەموێنە پەرەی گرتووە و بووەتە کێشەیەکی گەورە، لانیکەم بۆ بەشێکی گەورەی دنیا بە تایبەت خۆرئاوا.

کۆچکردن هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤایەتییەوە، بە هۆکاری جۆراوجۆر تێکەڵ بە ژیانی مرۆڤ بووە، بەڵام کۆچی بەکۆمەڵ «وەك ئەوەی ئەمڕۆ لە ئارادایە» زۆرتر بە هۆی شەڕ و وێرانکارییەکان و پلانی سیاسی دەسەڵاتبەدەستان بۆ مەبەستی تایبەتی بەڕێوە چووە. لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بە دەیان کۆچی لەم چەشنە بە هۆی دەسەڵاتبەدەستانی خۆپەرەست لە ئێران، عێراق و بەشێکی دیکە لە وڵاتانی دوور و نزیکی خۆمان ڕوویداوە.

ئەوەی ئەمڕۆش لەبەرچاوی دنیا ڕوودەدا و بە هۆی ئەوەی کە خولقێنەری دەیان تراژیدیای ئینسانی ناسراو وەك کارەساتی گیان لەدەستدانی «ئالان»، منداڵە چوار ساڵە کوردەکەی سووریە کە جەستەی بێ گیانی لە کەناری دەریای ئێژە، چاوی میلیۆنان بینەری پڕ لە فرمێسك کرد و دنیای هەژاند، هەروەها زۆر تراژیدیای دیکەی ئەو کۆچە کە ڕەنگە قەت ئاشکرا نەبن و دنیا لێیان بێخەبەر بمێنێتەوە، یەکێکە لەو کۆچانە کە بە هۆی درێژەکێشانی شەڕ، وێرانی و کوشتاری بەردەوام، کە جارێ ئاسۆیەك بۆ کۆتاییەکەی بەدی ناکرێ و لە ئاکامدا کۆچیش بەردەوام دەبێ.

کۆمیسیونی باڵای پەنابەرانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ( UNHCR ) « تا ٦ی سێپتامبری ٢٠١٥ ڕادەی ٤٠٨٨٠٩٩ پەنابەری سووریەی ناونووس کردووە کە لەو ژمارەیەدا ١/٢ میلیون لە میسر، عێراق، ئۆردۆن و لوبنان، ٩/١ میلیون لە تورکیە ئاوارەن، ئەوە جگە لە میلیونان لە خەڵکی سووریەیە کە ناونووس نەکراون، یان ئەوانەی لە نێوخۆی وڵاتدا ئاوارە بوون»(١) ...» بە پێی ئەو ئامارانەی لە ٦ مانگی سەرەتای ئەمساڵ (زایینی) بڵاوبوونەتەوە، نزیك بە ١٣٧ هەزار کەس لە ڕێگای دەریای مەدیترانەوە خۆیان گەیاندووەتە سنوورەکانی ئورووپا، ١٨٧٦ کەسیش لەو ماوەیەدا لە ڕێگادا گیانیان لە دەست داوە. یەك لە سێی ئەو پەناخوازانە ئاوارەکانی سووریە بوون کە بۆ پاراستنی گیانیان لە وڵاتی خۆیان ڕایانکردووە»(٢).

عێراق

بە پێی ئاماری ڕاگەیەندراوی UNHCR لە مانگەکانی سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ لە عێراقدا ٣٥٩٦٣٦٥ کەس ئاوارەی نێوخۆیین. نزیك بە ٢٥٠ هەزار خەڵکی سووریە( زۆربەیان کوردن) پەنایان بۆ کوردستانی عێراق هێناوە، بێجگە لەوە، لە ئاوارەکانی نێوخۆی عێراق دەیان هەزار کەسیان لە پارێزگاکانی سوننەنشینی ئەنبار، ڕومادی، تکریت و مووسڵ ڕوویان لە کوردستان کردووە، کە زۆربەیان لە ترسی داعش ماڵ و شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان بە جێ هێشتووە.

ێستا باس لەوە دەکرێ کە داعش یەك لە سێی پانتایی خاکی عێراق و پەنجا لە سەدی پانتایی خاکی سووریەی لە بەردەستدایە. ئەو شوێنانە بەگشتی شوێنی ژیانی سوننەکانن بە کوردەکانیشەوە. سەرجەم ئەو ئاوارانە لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی نێوخۆی سووریە و داگیرکردنی مووسڵ لە لایەن داعشەوە ئاوارەی هەندەران بوون، لەو ماوەیەدا سەرباری ئەوەی لە خراپترین وەزعی ژیاندا بوون، بەڵام بەو حاڵەش چاوەڕوان بوون کە شەڕ کۆتایی پێ بێ و ئەوانە بگەڕێنەوە سەر شوێنە کاولکراوەکانیان، بەڵام کاتێك بەو ئاکامە گەیشتن کە ئەو چاوەڕوانییە بێئاکامە، هیوایەك بۆ کۆتایی هاتن بەو شەڕە لە عێراق و سووریەدا نیە، ڕێگای هات و نەهاتیان گرتەبەر و بە هیوای گەیشتن بە ئاسایش و ژیان ڕوویان لە وڵاتانی ئورووپایی کرد، ئەوان لەو ڕێگایەدا لە مردنیش نەپرینگانەوە، چوونکە لە ڕاستیدا ژیانەکەیان بۆ خۆی چەشنێك لە مردن بوو.

بەم حاڵە ئەو خەونەی کە کۆماری ئیسلامی بۆ عێراقی دیتبوو( بە سووریەشەوە) خەریکە وەدی دێ، ئەوەی لە شەڕی داعش وڵاتەکەی خاپوور دەکرێ، دەکوژرێ و ئاوارەی هەندەران دەبێ، لە هەر دوو وڵات سوننەکان و کوردەکانن، ئەوانەش کە وڵات بەجێ دێڵن گەڕانەوەیان ئەستەمە چوونکە هیچ شتێکیان بۆ نەماوەتەوە، ڕاستە کوردەکان بە قوربانی کردنی سەدان گەنجی کورد کۆبانێیان لە چنگی داعش ڕزگار کرد، بەڵام کورد بە چ توانایەك کۆبانێ بنیات دەنێتەوە؟

هوایە بێگومان کۆماری ئیسلامی ئێران خۆشحاڵە کە سیاسەتەکەی لە پارێزگاری و بەهێزکردنی داعش لە سەرەتاوە تا ئێستا بەرهەمی باشی بووە ـ بۆ ئێران ـ و بەدڵی ئەو چووەتە پێش و گۆڕینی دێموگرافیای ئەو ناوچانەی بۆ ئاسان کردووەتەوە.

لە ئێستادا دنیا حەپەساوی کۆچی سەدان هەزار پەناخوازە کە بەشێکی زۆریان لە سووریەوە (بەکورد و عەرەبی سوننەوە) کەوتوونەتە ڕێ. ئەوان سەرقاڵی ئەوەن کە چۆن ئەو سەدان هەزار پەنابەرە ماندوو و نیگەرانە لە وڵاتانی خۆیاندا جێگا بکەنەوە و لە کۆمەڵگای خۆیاندا بیانتوێننەوە؟ چۆن دابەشیان بکەن کە هەر وڵاتەی بە پێی قەبارە و توانای خۆی کۆمەڵێکیان وەربگرێ؟ زۆر بەرنامە و پرۆژەی دیکەی پەیوەندیدار بەو پرسە لە ئارادایە، بەڵام ئەوەی بیری لێ نەکراوەتەوە یان کەمتر بیری لێ کراوەتەوە وەڵامی ئەو پرسیارە گرینگەیە کە هۆکاری سەرەکی ئەم ماڵوێرانی و تراژیدیا ئینسانیانە چ لایەنێکن؟ چوونکە تا ئەو کاتەی ئەم هۆکارانە بە دروستی نەناسرێن، دەستی جینایەتیان کورت نەکرێتەوە، ئاوارەیی و ماڵوێرانی خەڵکی ناوچە بەردەوامە ڕێچکەی کۆچ بەرەو هەندەران بەتایبەت خۆرئاوا نابڕێتەوە.

ئێمە ڕامانگەیاندووە و دووپاتی دەکەینەوە کە هۆکاری سەرەکی ئەم تراژیدیایانە لانیکەم لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە بە پاڵپشتی کردنی داعش بە نیازە دێموگرافیای ئەو ناوچەیە بە قازانجی خۆی بگۆڕێ و مەترسی ئەو هەڕەشانەی کە پێی وایە لە داهاتوودا لە لایەن کورد و سوننەی ئەو ناوچەیە بۆی دێتە پێش لەسەر خۆی لابەرێ، یان لانیکەم زۆر کەمی بکاتەوە، بەڵام مەخابن سیاسەتی نێونەتەوەیی بەرەو ئەوە دەچێ کە لە جیاتی کورت کردنەوەی دەستی ئەو تاوانبارە سەرەکییەی ئەو هەموو ماڵوێرانی و کوشتارە، وەك پاداشتێك لە چارەسەر کردنی پرسی داعش لە سووریە و عێراقدا بەشداری بکەن و دەوری بەرچاوی بدەنێ! هێندێك لە بەرپرسانی ئەمریکا کە لەو ناوچەیەدا هەڵسووڕاون ئەگەرچی تا ئێستاش بە گوێرەی پێویست شارەزای پیلانگێڕیەکانی کۆماری ئیسلامی و ئیدئۆلۆژییەکانی بە تایبەت سەبارەت بە داعش نین، بەڵام هەستیان بە دەوری ئاژاوەگێڕانەی ئەو ڕێژیمە کردووە، بۆ نموونە «دەیڤید پترایوس»، فەرماندەی پێشووی فەرماندەیی ناوەندی هێزە چەکدارەکانی ئامریکا و بەڕێوەبەری پێشووی هەواڵگریی ئەو وڵاتە، لە وتووێژێکدا لە واشنتنپۆست لە ٢٠ی ئاداری ئەمساڵدا بڵاوی کردەوە و هۆشداری دا و گوتی: « هەڕەشەی سەرەکی بۆ سەقامگیریی درێژخایەنی عێراق و ناوچەکە بەگشتی دەوڵەتی ئیسلامی نییە، بگرە میلیشیا شیعەکانن کە زۆربەیان لە لایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێن»، بەڵام حکوومەتی ئەمریکا تا ئێستاش لەو هەڵە گەورەیەدایە کە گۆیا کۆماری ئیسلامی دژی داعشە و لە شەڕدایە لەگەڵی، هەر بۆیە لە چەند بەرەیەکدا (وەکوو ئازادکردنی ئامرلی لە چەکدارانی داعش) لانیکەم هاوئاهەنگی ناڕاستەوخۆی لەگەڵ کردوون.



# ساردبوونەوەی خەڵک لە مزگەوتە حکوومەتییەکان

سەلام ئیسماعیلپوور

پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی مزگەوتەکان لە ئێراندا بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ هەمیشە جێگەی سەرنجی لێکۆڵەرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەوتە سیاسییە جۆراوجۆرەکان لە چەپەوە تا ڕاست و لە کۆنەپەرستەوە تا پێشکەوتنخواز بووە. لەم نێوانەدا پێگەی مزگەوتەکان جێی بایەخدان و سەرنجی ڕێژیمە سەرکوتکەرە دەسەڵاتدارەکانیش بووە و ئەو ڕێژیمانە هەوڵیان داوە کە ئەم ناوەندە گرینگە ئایینی و کۆمەڵایەتییانە لە ڕاستای سیاسەتەکانی خۆیاندا کۆنترۆڵ بکەن. گرینگیی جێگە و پێگەی مزگەوتەکان بە سەرنجدان بە بەستێنی ئایینی و نەریتیی کۆمەڵگای ئێران بە تایبەتی لە ناوچەکانی ناوەڕاستی ئەو وڵاتەدا و سیستمی هیرارشیکی ئایینزای فەرمیی دەسەڵات، ڕۆڵی مەرجەعەکان و ئاخوندە شیعەکانی لە دەسەڵاتدا زەقتر کردۆتەوە، بە جۆرێک کە تەنانەت لە ڕێژیمی بە ڕواڵەت سێکۆلاری پەهلەویی یەکەم و بە تایبەتی پەهلەویی دووەمیشدا شا و دەربار کە لە یاسای بنەڕەتیی مەشرووتەدا وەکوو پارێزەرانی ئایینزای شیعە پێناسە کرابوون، ڕۆڵ و پێگەی تایبەتی مزگەوتەکان و مەرجەعە شیعەکانیان لە بەرچاو بوو، بە جۆرێك کە بەپێی هێندێك لە بۆچوونەکان، حەمەڕەزاشا بە هۆی ئەوەی کە خاوەنی ئۆتۆریتەیەکی وەك پەهلەویی یەکەم نەبوو، هەم بە مەبەستی بەربەرەکانێ لەگەڵ پەرەسەندنی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی بزووتنەوە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان و هەم بۆ دڵدانەوەی مەرجەعەکان و ئاخوندە شیعەکان کە لە سەردەمی باوکیدا تەنگەتاو کرابوون، دەستی ئاخوندەکان و پێشنوێژی مزگەوت و تەکیەکانی بۆ دەستوەردانی هەرچی زیاتر لە کاروباری سیاسیدا ئاوەڵا کرد و بە جۆرێك لە زاڵبوونی بیرۆکە ئایینییەکان بە سەر شۆڕشی ٥٧ و بوونی مزگەوتەکان بە کلووپی سیاسی و شوێنی هەڵسووڕانی نەیارانی ئایینی یان ئایین لێدراوی خۆیدا شوێندانەر بووە.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشیش ڕێژیمی ئایینیی دەسەڵاتدار بە پێداگریی بەردەوام لەسەر ڕۆڵی ناوەندیی مزگەوت و ئاخوندەکان لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، هەرچی زیاتر پەرەی بەو ڕەوتە دا. وتەی بەناوبانگی خومەینی کە دەیگوت: «مزگەوتەکان سەنگەرن، سەنگەرەکان بپارێزن»، دەربڕی پێداگریی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی لە سەر تەوەربوونی سیستمی زنجیرەپلەیی ئایینزای شیعە لە ڕێژیمی تازەدا و کەڵکوەرگرتنی ناڕەوا لە هەست و سۆزی ئایینی خەڵك بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵانی گوێڕایەڵ و دەستەمۆی ژێر فەرمانیان بوو.

بەم چەشنە بوو کە مزگەوتەکان بە خێرایی بوونە بنکەیەك بۆ ڕێکخستن و بەسیجکردنی گۆپاڵ بەدەستانی دەمارگرژ، میلیشیاکانی سەرشەقام و کفن پۆشە مەرگخوازەکان کە دەبوایە لە سەر ڕێگای هرووژمی هەرەسئاسای بەناو شۆڕشگێڕانەی خۆیان ئاسەوارێك لە جیابیری و فرەچەشنی و دژایەتیکردنی ئیدئۆلۆژیی کۆنەپەرستانەی دەسەڵات نەهێڵن و گوتاری وەهماویی ڕێبەرانی ڕێژیم و لە سەرووی هەموویانەوە خومەینی بە هەر نرخێك کە بووە، بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.

جێبەجێکردنی فتوای جیهادی خومەینی لە کوردستان، ڕاکێشانی هێزی مرۆیی بۆ بەهێزکردنی دەعباکانی وەك سپا و بەسیج و درێژەدان بە شەڕی ماڵوێرانکەر لەگەڵ عێراق و گەیاندنی سیاسەتی فەرمیی ڕێژیم بە کۆمەڵانی خەڵك لە ڕێگەی مینبەری مزگەوتەکانەوە وەکوو سەرچاوەکانی ڕەواییدان، لەو هۆکارانە بوون کە بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو ڕێژیمی بەرەو تەرخانکردنی بوودجەیەکی زۆر لە پێناوی زیاترکردنی ژمارە و پەرەپێدانی ئەم ناوەندانە و پەروەردەکردن و ڕاکێشانی هەرچی زیاتری کادری تایبەت بۆ بەڕێوەبردنیان وەکوو پاڵهێز و ئامێری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی هان داوە.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا بیستمان کە پاسدار زیائەدین حوزنی، ڕاوێژکاری فەرماندەی سپای پاسداران گوتوویە ئێمە لە وڵاتدا دوو کێشەی سەرەکیمان هەن: «یەك لەوانە کەمبوونی مزگەوت و ئەوی دیکەیان کەمبوونی ئاخوندە». ڕاوێژکاری فەرماندەی سپا هەروەها گوتوویە ٤٠٪ی مزگەوتەکانی ئێران مەلایان تێدا نیە و هێندێك لە مزگەوتەکانیش تەنیا لە مانگەکانی موحەڕڕەم، سەفەر و ڕەمەزاندا کراوەن.

بە واتایەکی دیکە، لە حاڵێکدا کە وڵات لە بەر هەژاریی ڕوو لە زیادبوونی خەڵك و بێکاریی بەربڵاو تەنانەت لە نێو پسپۆڕان و دەرچووانی زانکۆکاندا و هەڵاتنی مێشکەکان و سەرمایە مرۆییەکان بە دوای کار و پیشە و بژێوی ژیاندا دەناڵێنێت، تەنانەت بەرهەمهێنانی بە لێشاوی ساڵانەی تەڵبە و ئاخوندیش وەڵامدەر و دابینکەری کادری پێویست بۆ ئەو هەموو مزگەوتە نیە.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەرپرسانی ڕێکخراوی ئەوقافی ڕێژیم لەو باوەڕەدان کە دەبێ نزیك بە ٢٨ هەزار مزگەوتی نوێ بینا بکرێن تاکوو لە ئێستاوە دەرفەتی کار بۆ دەرچوانی داهاتووی خوێندنگە ئایینییەکان مسۆگەر بکرێت.

لە بەهاری ڕابردوودا پاسدار حوزنی ڕایگەیاندبوو کە بیناکردنی ٧٧٠٠ مزگەوت لە ئێراندا دەستی پێکردووە و سپا بۆ بیناکردنی هەر مزگەوتێك بڕی ١٠ تا ٢٥ میلیۆن تمەن تەرخان دەکات.

پێویست بە گوتن ناکات کە سەرچاوەی دابینکردنی ئەم بوودجە سەرسووڕهێنەرانە، سەرمایەکانی هەر ئەو خەڵکەیە کە لە دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانیاندا ماونەتەوە.

حوزنی وێڕای ئاماژە بە چالاکیی ١٩٢ مزگەوت لە شاری ڕەشت، باسی لە دروستکردنی ٦٠٠ مزگەوت لە پارێزگای گیلان بە یارمەتیی سپای پاسداران کرد. هەر لەو پێوەندییەدا شارەداریی تاران بەڵێنیی ئەوەی داوە کە لە ساڵی نوێدا ٤٠٠ مزگەوتی نوێ بینا بکات. شارەداریی مەشهەدیش باسی لە تەرخانکردنی بوودجەیەکی ٢٠ میلیارد تمەنی بۆ دروستکردنی هێندێك مزگەوتی تازە لەو شارەدا کردووە.

دوو مانگ پێش ئێستاش ڕاگەیەندرابوو کە وا بڕیارە یاسایەك لە ئەنجومەنی شاری تاران بخرێتە بەر باس کە بەو پێیە هەموو تاوەرەکانی سەرەوەی سێ نهۆم، دەبێ مزگەوتیان تێدا بێت.

خەرجکردنی ئەو هەموو تێچووە لە حاڵێکدایە کە بە وتەی پاسدار حوزنی، کۆمەڵێك لە مزگەوتەکانی وڵات تەنیا لە مانگەکانی ڕەمەزان و موحەڕڕەمدا کراوەن و زۆرێك لە مزگەوتەکان لەگەڵ کەمبوونی جەماوەر و ساردبوونەوەی خەڵك و بە تایبەتیی لاوان لە ئیدئۆلۆژیی ئایینیی دەسەڵات و شوێنەکانی پەرەپێدانی، واتە مزگەوتەکان بەرەوەڕوون.

هەنووکە ڕێژیم تێڕوانینێکی دووفاقی لە هەمبەر مزگەوتە جۆراوجۆرەکانیش پێڕەو دەکات کە بەستراوەتەوە بە ڕادەی دووری یا نزیکیی بەڕێوەبەران و جەماوەرەکەیان لە کاربەدەستانی حکوومەتی و بەرنامە سەپێنراوەکانی ڕێژیم.

لەم پێوەندییەدا پاسدار حوزنی لەو باوەڕەدایە کە لە حەفتا هەزار مزگەوت کە ئێستا لە وڵاتدا هەن، تەنیا ٣ هەزار مزگەوتیان جێگای پەسەندی ڕێژیمن. ئەم مەزندەیە دەرئەنجامی ئەو ڕاستییەیە کە زۆرجار مزگەوتەکانی جێگەی پەسەندی ڕێژیم یان هەمان سەنگەرەکانی نیزام نەك وەکوو پەرستگەیەکی ئایینی، بەڵکوو وەکوو بنکەیەك بۆ سیخوڕی و پێگەیاندنی بەکرێگیراو و گۆپاڵ بە دەست چاویان لێ دەکرێت و سەرەڕای خەرجکردنی بوودجەیەکی یەکجار زۆر، لە لایەن خەڵکەوە پێشوازییان لێ ناکرێت. لە بەرامبەریشدا کۆمەڵێك ناوەند هەن کە ڕێژیم کەمتر توانیویە دزە بکاتە نێو جەماوەر و بەڕێوەبەرەکانیان و تەنانەت زۆرجار بینیومانە کە ڕێژیم گوشاری خستۆتە سەریان و هێندێك جار تەنانەت کاولیشی کردوون کە بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە هێندێك لە مزگەوتەکان و تەکیەکانی موسڵمانانی سوننە و کەمینە ئایینییەکان و دەروێشەکان بکەین.

کۆی ئەو باسانە دەری دەخات کە هەوڵی زیاتر لە سێ دەیەی ڕێژیم بۆ کۆنتڕۆڵکردنی یەکجاریی مزگەوتەکان و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە کۆنترۆڵکردنی خەڵك بە هۆی ڕایەڵەیەکی بەربڵاو و تۆکمە لە مزگەوتەکانی جێی پەسەندی حکوومەت زۆریش سەرکەوتوو نەبووە و ئێستا کاربەدەستانی ڕێژیم لەگەڵ کێشەی ساردبوونەوەی خەڵك لە مزگەوتەکان بە تایبەتی مزگەوتە تایبەتەکان یان هەمان سەنگەرەکانی حکوومەت بەرەوڕوون. بەڵام تەرخانکردنی بوودجەگەلی زۆر لەو پێوەندییەدا هەروەها بەردەوامە و هەڵبەت ڕێژیمێك کە لە حیساباتی خۆیدا ئاماری سەرسووڕهێنەری گەندەڵی، لەشفرۆشی، هەژاری، خۆکوژی، تووشبوون بە مادە سڕکەرەکان، تاڵانە چەندین میلیارد دۆلارییەکان، فرۆشتنی ئەندامانی لەش و ... لە ئێراندا لە بەرچاو ناگرێت، هەر ئەوەشی لێ دەوەشێتەوە کە کەمبوونی ئاخوند و مزگەوت بە گەورەترین کێشەکانی خۆی بزانێت، چوونکە دەردی ئەم ڕێژیمە هەرگیز و لە هیچ قۆناغێکدا دەردی کۆمەڵانی خەڵك نەبووە. هەر بۆیە بیستنی ئەم لێدوانانە لە زمانی بەرپرسانی ڕێژیمێکەوە کە چۆنیەتیی درێژەدان بە مانەوە لە دەسەڵاتدا و چڕترکردنەوەی هێژموونی خۆیان بە سەر خەڵکدا تاقە کەڵکەڵەیان لە سەرەتاوە تا ئێستا بووە، نابێ تووشی سەرسووڕمانمان بکات.



## ڕۆژەڤ

### هاریکاریی دوژمنە کۆنەکان لە سووریە

و: ڕەزا فەتحوڵڵا نژاد

ماڵپەڕی «نیۆیۆرکێر» وتارێکی لە ژێر ناوی «داخوا ئێران لەمەڕ سووریە هاریکاری دەکات؟» بە قەڵەمی «ڕۆبین ڕایت» بڵاو کردووەتەوە کە تێیدا بە تێروتەسەلی باسی ڕۆڵی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سووریە و ئاڵوگۆڕەکانی ئەمدواییانە لەو پێوەندییەدا کراوە. لە سەرەتای وتارەکەدا نووسراوە: «بەڕاستی ساڵێك دەکرێ چەندە گۆڕانکاری بەدواوە بێت. ئەم حەوتووە، بۆ یەکەم جار لە پاش شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران، سەرکۆمارێکی ئەمریکی دەستی لەگەڵ بەرپرسێکی ئێران لێدایەوە. وەزیری دەرەوەی ئێران هەر زوو چاوپێکەوتنەکەی نێوان خۆی و ئۆباما لە نیوەڕۆخوانێکی نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیۆیۆرکی بە بێبایەخ و وەکوو «ڕووداوێکی بەتەواوی بەڕێکەوت» نیشان دا. کۆشکی سپی چاوەڕوانیی لەوە زیاتری هەبوو، لەوانە دیدارێك لەگەڵ سەرکۆمار حەسەن ڕووحانی. بەڵام بەرپرسانی ئێرانی بۆ چوونەپێشی زۆر لەوە کەمتریش لەسەر کار دوور خراونەتەوە. وتەبێژی دەزگای قەزایی ئێران، غوڵامحوسێن موحسێنی ئێژەیی بە دەربڕینێك گوتی زەریف هێڵە سوورەکانی تێپەڕاندووە. ئێژەیی، دادستانی گشتیی پێشوو گوتی: «شێوەیەکی دیکەی سیخوڕی هەیە کە پێویستە ئاگاداری بین ـ بۆ نموونە تاکێك کە وادەرناکەوێ دوژمن پارەی پێدەدا و زانیاری پۆلێنبەندیکراو نادابەدەستەوە، بەڵام بەستێنەکە بۆ هاتنەژوورەوەی دوژمن خۆش دەکات...کەسێك کە ئەمڕۆکە دەیهەوێ سیخوڕی بۆ ئەمریکا، شەیتانی مەزن بکات و لەگەڵ ئەم وڵاتە هاوکاری دەکات، تاوانبارە، خیانەتکارە و شایانی سزادانە».

نووسەر دواتر باسی ئەو هەوڵانە دەکات کە بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا لەگۆڕێدایە و دەچێتە سەر پرسی سووریە. دەنووسێ: «ئەمریکا و ئێران لە شەڕی سووریەدا پشتیوانی لەو هێزانە دەکەن کە دژبەیەکن. ئەمریکا پشتیوانی لەو ڕاپەڕیو و جیابیرانە دەکات کە لە سەرەتای ناڕەزایەتییەکان دژی بەشار ئەسەد لە ٢٠١١دا، سەریان هەڵدا. ئێران پشتیوانی لە ئەسەد دەکات و نزیکترین هاوپەیمانی سووریە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدایە. ئامانجی لە سووریە بە شێوەیەك پاراستنی کەمینەی عەلەوییەکانە، بەڵام گرینگتر لەوەش پاراستنی شێعەکانە لە لوبنانی دراوسێیدا».

نووسەر دواتر باسی ئەوە دەکات کە لە ئێستادا لێدانی داعش بووەتە ئامانجی هاوبەشی ئێران و ئەمریکا و بە وردی باسی زۆربوونی مەترسی داعەش دەکات. دواتر دەڵێ جان کێری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو لە وتووێژێکدا باسی چوار پرەنسیپی سەرەکی کردووە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لەمەڕ سووریە لەسەری کۆکن: «داعش پێویستە لەنێو بچێت، سووریە دەبێ لە چوارچێوەی ئەو سنوورەی کە سەدەیەك تەمەنیەتی بمێنێتەوە، دەوڵەتەکەی دەبێ سێکۆلار بێت و هەروەها کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ـ لەوانە خاوەن بەرژەوەندییە ڕکەبەرەکان ـ دەبێ وەدووی فازێکی گواستنەوە بۆ جێگرتنی ئەسەد بن.» بە پێی لێدوانی کێری، «کلیلەکە گوشارخستنە سەر ئەسەدە».

نووسەر لە کۆتاییدا دەنووسێ: «پرسیارە مەزنەکە ئەمەیە کە داخوا سەقفی بەرژەوەندیی ئێران لە هاوکاریکردن، ڕێککەوتننامەی ناوکی بووە یان دوژمنە کۆنەکان دەکرێ ببنە هاوبەشە چاوەڕواننەکراوەکانی دیاریکردنی داهاتووی سووریە».

سەرچاوە: WWW.NEWYORKER.COM

# سەربەخۆیی کوردستان، خەون یان ڕاستی؟

ن: شەماڵ تەرغیبی

پـــاش کۆتایی شـــەڕی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوســـمانی، بەهـــۆی واژۆ کردنـــی ڕێککەوتننامەی ســـیڤەر لە مانگی ئوتـــی ١٩٢٠دا، مزگێنی کۆمەڵێك گۆڕانـــکاری جیددی بـــە دو گەلی خاوەن شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا. کوردەکان و ئەرمەنییەکان دڵخۆش بوون بە تەواوبوونی شەڕ و هاتنە ئارای ڕێککەوتننامەیەك کـــە تێیدا باس لە مافی سەربەخۆییان کرابوو. پرسێك کە لانیکەم بۆ گەلی کـــورد، تەنیا وەك وشەیەك لە سەر تێنوسەکاندا مایەوە و هیچکات قەوارەیەکی کردەکی بەخۆوە نەبینی. دواتریش لە ساڵی ١٩١٦دا و لە ڕەوتی ڕێککەوتننامەیەکی دیکە لە ژێر ناوی (سایکس ـ پیکۆ) بە کردەوە بەشی ڕۆژئاوای نیشـــتمانی کوردان کە تا ئـــەو کاتە لە ژێر دەســـەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی‌دا بوو بە کردەوە لە نیـــوان ٣ وڵاتی تورکیە و عێراق و سووریەدا دابەش کرا. دابەشکرانێکی کە لە ماوەی ١٠٠ ســـاڵی ڕابردوودا وەك خـــۆی ماوەتـــەوە و حکوومەتە یەك لـــە دوای یەکەکانی ئەم وڵاتانە وێڕای ئێران ســـەرەڕای هەموو کێشە ئیدئۆلۆژیکەکانیان پێداگر بوون لەسەر پاراستنی و بە هەموو هێز و تواناییانەوە ئەو سنورە دەســـکردانەیان ڕاگرتووە. بەڵام ئەم چەوســـاندنەوە ئاشکرایەی دەوڵـــەت و حکوومەتـــە ناوچەیی و جیهانییەکان لـــە دژی گەلی کورد، نەیتوانیوە ڕێگر بێت لەســـەر هەوڵی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بۆ هێنانەدی ئاواتە لەمێژینەکەیـــان کە بریتییە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ســـەربەخۆی کورد کە وەك زۆر شارەزای کاروباری سیاســـی بـــە تایبەت پرســـی کورد دەڵێـــن تەنیـــا خەونێکـــی ڕەنگاڵە و نامومکینە.

پاش هاتنە ئارای ئەم بارودۆخە، لە بەشـــە جیاجیاکانی کوردستان هەوڵی زۆر جیـــددی و تەنانـــەت بزوتنەوەی توندوتیـــژ بـــۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هاوکێشـــە داســـەپاوە هاتە گۆڕێ. بزاوتی کوردەکانی باشـــوور لە ١٩٣١ تاکـــوو ١٩٤٢، دامەزراندنـــی یەکەم حکوومەتـــی دێموکراتیکـــی کوردی لـــە ١٩٤٦و دواتریش لـــە ١٩٧٩ لە کوردســـتانی ڕۆژهـــەڵات، چالاکییە چەکدارییەکانـــی کوردانی باکوور لە ســـەرەتاکانی دەیـــەی ٨٠ی زایینی و بەردەوامیی ئـــەم بزاوتە نەتەوەییانە لە هەمـــوو پارچەکانی کوردســـتان، بەشێکی دیار لەو هەوڵە بەردەوامانەی نەتـــەوەی کوردن بۆ هێنانەدی خەونی لەمێژینەی سەربەخۆیی کوردستان.

ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی و دوابەدوای ڕووخانی ڕێژیمی ســـەدام حســـەین، کوردەکانی ئەم بەشـــەی کوردســـتان توانیـــان بـــە قۆســـتنەوەی هەلەکان لەســـەر بنەمای ئەو خودموختارییەی کە لە ســـاڵی ١٩٩١و پاش شـــەڕی کوەیت وەریـــان گرتبوو، حکومەتێکی هەرێمیـــی خودموختار بـــە کۆمەڵێك دەسەڵات و ســـەڵاحییەتی یاساییەوە بۆخۆیان مسۆگەر بکەن کە بەهۆیەوە لەلایەکەوە گیانێکی نوێ بە پرســـی بەجیهانـــی کردنی مەســـەلەی کورد ببەخشـــن و لەلایەکـــی دیکەشـــەوە بە کەڵـــك وەرگرتن لـــە هەلومەرجی نـــوێ بارودۆخی ئابوریـــی، ئیداری، سیاســـی و پێوەندییە دیپلۆماتیکەکان لەم بەشـــەی کوردســـتان ببوژێننەوە. ئەم مەســـەلە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ دژایەتییـــە بەردەوامەکانی حکوومەتە دژەکوردەکانی ناوچە و تەنانەت خودی دەوڵەتـــی ناوەندیی عێـــراق بەرەوڕوو بوویەوە. دەوڵەتی بەغدا بە بیانوگرتن و تۆمەتهەڵبەستنی نارەوا، کە ڕوونە بە دنـــەی حکوومەتی ناوەندیی ئێران دەکرێت، بەردەوام لە هەوڵی لەباربردنی ئـــەم دەســـکەوتە مێژووییـــە بووە و هەیە. لەم ڕاستایەشـــدا سەرکردەکانی گەلی کورد لەم بەشـــەی کوردستان پاش بێ‌ئەنجـــام مانەوەی هەوڵەکانیان و سیاســـەتی موداراکـــردن، پرســـی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانیان هەم وەك ئامانجێك و هەمیش وەك کارتێکی گوشار هێنایە بەرباس.

ئەوەیکە لێرەدا پێویســـتە ئاماژەی بۆ بکەین چەند لایەنێکی شـــاراوەی تواناییـــەکان و لەمپەڕەکانـــی بەردەم پڕۆســـەی ســـەربەخۆیی هەرێمـــی کوردستانە. گەلۆ هەرێمی کوردستانی عێـــراق دەتوانـــێ ســـەربەخۆیی ڕابگەیێنێت؟ لەمپەڕەکانی بەردەم ئەم پرسە سیاسییە چین؟ ئایا تەنیا ئیرادە و خواســـتی گەلی کورد لەم بەشەی کوردســـتان بەســـە بـــۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی؟

پـــاش دروســـتبوونی دەوڵەتـــی ئیســـلامیی داعش و کەوتنی موسڵ و پیشـــڕەوییەکانی ئـــەم گرووپە بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق لە هاوینی ٢٠١٤دا، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق لە دیمانەیەکـــی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاند: عێراق بەرەو هەڵوەشـــانەوە دەڕوات و کاتی ئەوە هاتووە کە گەلی کـــورد داهاتوو و چارەنوســـی خۆی دیاری بکات. پاش ماوەیەکیش داوای لە پارلمانـــی هەرێم کرد کە کار بکەن بۆ ڕاپرسی و پرسی هەڵبژاردن لەسەر سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام یەك ساڵ دواتر ناوبراو بە ڕووسیە٢٤ی ڕاگەیاند: ئەوە مافی سروشتیی گەلی کوردە کە هەنگاو بۆ ســـەربەخۆیی هەڵێنێتەوە، بەڵام هەلومەرجی ئەمنیەتیی ئێســـتا گەرەنتـــی ســـەربەخۆیی کـــوردەکان ناکات.

یەکێك لە سەرەکیترین لەمپەڕەکانی سەر ڕێگەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێمـــی کوردســـتان و تەنانەت هەر چوار پارچـــەی کوردســـتان، بەپێی زانســـتی جوغرافیای سیاســـی، لە ڕاســـتیدا بریتییـــە لە بێبـــەش بوون لـــە کەنـــارە دەریاییـــەکان و قەتیس مانـــەوە لە وشـــکاییەکاندا. یەکێك لە پێشمەرجەکانی ســـەربەخۆیی وڵاتێك دەسپێڕاگەیشتنی ئەو وڵاتە بە ڕێگەی ئازادە (کەنارە دەریاییەکان) تاکوو لەو ڕێگایەوە بتوانێ سیاسەتە ئابورییەکان و ئاڵوێـــرە بازرگانییەکان و پێوەندییە سیاسییەکانی ڕێك بخات. لە غەیری ئەم حاڵەتەدا پێویستە یەکێك لە وڵاتانی دراوسێی ئەو وڵاتە ڕێگە بەو ئاڵوێرە بازرگانییـــە بدات کـــە وەك ئاماژەی بۆ کـــرا هەڵکەوتـــی جوغرافیایی و ژیئۆپۆلیتیکی کوردستان بەچەشنێکە کـــە بەکردەوە ناتوانـــێ کەڵك لە وەها دەرفەتێك وەربگرێت.

ڕوونە کە کوردستان لە باری کانزا ســـەرزەوی و ژێرزەوینییەکان و هێزی مرۆیـــی، توانایی و پۆتانســـیەڵی بە دەوڵەت بوونی هەیـــە، بەڵام نەبوونی یەکگرتوویی فیکری و لە هەمانکاتدا بوونی کێشـــە و ململانێی ناســـالمی سیاســـی بەتایبـــەت لـــە هەرێمـــی کوردستانی باشـــوور، بۆخۆی بووەتە هۆکارێـــك بۆ خســـتنە ژێـــر ڕکێفی هەمـــوو ئەو تواناییانە و لە ڕاســـتیدا کردوویەتـــی بـــە فاکتەرێکی لاوەکی کـــە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەســـەر هێنانەدی خەونی ســـەربەخۆیی نییە. مەســـەلەی ســـەرنجڕاکێش ئەوەیە کـــە دوژمنانی کورد، لە ســـەرووی هەموویانەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران، زۆر بەباشـــی توانیویانە بە قازانجی خۆیان کەڵـــك لەو دوو دەســـتەیی و یـــەك نەگرتوویـــە وەربگـــرن و قڕە و ئـــاژاوە بنێنـــەوە. کە واتـــە ڕەنگە نەتوانین تەنانەت پێداگر بین لەســـەر یەكهەڵوێستیی گەلی کورد بۆ پرسی ئاماژەپێکراو.

بەپێیـــە بەرجەوەنـــی داهاتـــووی مەســـەلەی ســـەربەخۆیی کوردستان چی لێ‌دێت؟ ڕەنگە لە داهاتوویەکی نیزیکدا ئێمە شاهیدی گۆڕانکارییەکی وەها قوڵ لە نەخشـــەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا نەبین، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکانی چەند ساڵی ڕابردوو لـــە ناوچە، گەشـــەی دێموکراســـی و بەهـــاری عەرەبـــی ئـــەو ئەگەرە بوونی هەیە کـــە گەلی کورد بتوانێ بە یەکخســـتنەوەی ماڵـــی خۆی و لەبەرچاوگرتنـــی بەرژەوەندییـــە باڵا نەتەوەییـــەکان، هاتنـــە ســـەرکاری حکومەتگەلـــی دێموکراتیك کە ڕێز بۆ ئیرادەی نەتـــەوەی کورد دابنێت و لـــە هەمووان گرینگتـــر ژێرانە کەڵك وەرگرتـــن لـــە دەرفەتـــەکان لەلایەن سەرکردایەتی کورد، بە دوور نازانرێت کـــە لە داهاتـــوودا ئەم خەونـــە ببێتە ڕاستییەکی سەلمێنراو.




# ڕۆژهەڵاتی ناوین و دۆخی نالەباری کوردستان

جەماڵ فەتحی

لە دوای ١١ی سێپتامبری٢٠٠١، ئامریکا بە هۆی تەقینەوەی دوو بینا گرینگە بازرگانییەکەی بە دەســـتی تیرۆریستانی توندئاژۆی ئەلقاعیدە، هێرش و شـــەڕێکی بەربڵاوی «دژ بە تیرۆر» لە وڵاتی ئەفغانستان، بە هاریکاریی وڵاتانی هاوپەیمانیی ناتۆ دەست پێکرد، بەڵام بە هۆی چەندین هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکی، دیاردەی تیرۆر نەتەنیا لە نێو نەچوو، بەڵکوو بەرەو ئـــەو وڵاتانەی دەوروبەریش کە بەستێنەکەی بۆ گەشە سەندنی تیرۆر گونجاو بوو، پەرەی سەند. یەکێك لەو وڵاتانە کە تیرۆریســـتان توانییان بە پاڵپشتیی لۆجستیکی و ستراتژیکیی ڕێژیمی ئیســـلامیی تـــاران وەکوو بنکەیەکی ســـەربازیی و حەشارگە کەڵکی لـــێ وەربگرن، وڵاتی عێراق بوو کە پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوســـمانی کەمتر ســـەقامگیریی سیاسی بە خۆوە بینینوە، ئەگەریش ســـەقامگیرییەك هەبوبێت کاتی و کورت ماوە بووە.

ئامریکا و هاوپەیمانانی بە هەمان هۆی بنەبڕ کردنی تیرۆر و دابەزاندنی دێموکراسی، ڕەوتی پرۆسەی شەڕی دژە تیرۆریـــان لە ئەفغانســـتان کە هەرچەنـــدە بە تەواوی ســـەرکەوتوو نەبوون، بۆ عێراق گواستەوە و پلانی ســـڕینەوەی دەســـەڵاتی سەرەڕۆی بەعســـی سەدام حوســـێنیان داڕشت کە پـــاش عوســـمانییەکان یەکەمین دەسەڵات بوو کە بە هۆی ملهۆڕی و سەرەڕۆ بوونیەوە توانیبووی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی لەم وڵاتە داسەپێنێت و سەقامگیرییەکی سەرکوتکارانەی سیاســـی بەدی بهێنێت، دەسەڵاتی ڕێژیمی بەعســـی ســـەدام حوسێن گەیشتبووە ئاستێك کە لە ناوچەکەدا وەکوو هاوسەنگییەکی بەهێز لەقەڵەم بدرێت.

عێراقی ســـەردەمی دەســـەڵاتی بەعس کە لە شـــەڕ لەگـــەڵ ئێراندا توانیبـــووی تا ڕادەیەك ســـەرکەوتن بەدەست بهێنێت، تووشی لە خۆبایی بوونێکـــی سیاســـیی - خەیاڵی ببوو و خەونی بە یەکخســـتن و دروســـت کردنـــی وڵاتێکـــی یەکگرتـــووی عەرەبییەوە دەبینی کە ئەمە هەم بۆ وڵاتە عەرەبـــەکان و هەم بۆ وڵاتانی دەوروبەر و ناتۆش وەکوو مەترسییەك شرۆڤە دەکرا.

وڵاتی عێراق کە دوای شکستی لە شەڕی کوەیت بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە ژێر گوشاری ئابووریی و سیاسیدا بوو و لە ناوچەدا وەکوو پێشتر پێگە و جێگەی سیاسی و قورسایی جارانی نەمابـــوو و کەوتبـــووە پەراوێزەوە، بە بیانـــووی لەنێوبردنی چەکە ناوکییە کۆمەڵکـــوژەکان هەلومەرجـــی بۆ هێرشـــی دووبارەی وڵاتانی ناتۆ لە ســـاڵی ٢٠٠٣ی زایینی‌دا ڕەخساند، کە وەکوو مەترسییەك بوو بۆ ناوچە و وڵاتانی کەنداو و لە ماوەیەکی کەمدا دەسەڵاتی بەعسی عێراق ڕووخا.

لـــەم وڵاتەدا کە لە چەندین نەتەوە و ئایینـــی جیـــاواز پێکهاتووە، پاش ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس شێوازی فیدراڵیزمیان بۆ بەڕێوبەریی ئیداری و حکوومەتی هەڵبژارد. شیعەکانی ئەم وڵاتە کە لە ســـەردەمی ســـەدام حوسێن هەمیشـــە سەرکوت دەکران و لە دەسەڵاتدا هیچ دەورێکیان نەبوو، لە دەسەڵاتی نوێی عێراقدا بە هۆی زۆرینەیی و بەپێی یاسای سیستمی فیدراڵیزمـــی لە دەســـەڵاتی نوێی عێراق، پۆســـتی ســـەرۆك وەزیریان پێ‌بەخشـــرا، کە ئەم دەسەڵاتە تازەیە بـــە چەندیـــن هـــۆکار و بەتایبەت دەستێوەردان و ڕێبەریکردنی لە لایەن دەســـەڵاتدارانی تارانەوە، لە ڕژیمی پێشوو ســـەرکوتکارانەتر بەرامبەر بە کەمینـــەکان و بەتایبەت ســـوننەکان ڕەفتاریان کرد. ئەم فاکتەرە سەرەکییە و چەندین فاکتەری دیکەی دەرەکی، بـــە تایبـــەت دراوســـێیەتی لەگەڵ وڵاتی ســـووریە کە تووشی ئاڵۆزیی سیاســـی و شـــەڕی نێوخۆیی ببوو و یەکێـــك لـــە بنکەکانـــی گرووپە توندئـــاژۆە ئیســـلامییەکان وەکـــوو داعش بوو، ئاراســـتەی شەڕەکە لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە بۆ ناوچە نەوتییەکانی عێراق گواســـترایەوە. گۆڕینی ئاراســـتەی شەڕی داعش لە سووریە بۆ عێراق لە لایەن وڵاتی ئێران، بە مەبەســـتی ڕزگار کردنی دەســـەڵاتی بەعسی بەشار ئەسەد لە ڕووخـــان و فەوتان بـــوو، کە یەکێك لـــە دەگمـــەن هاوپەیمانەکانی ئێران لـــە ناوچەکـــەدا لە قەڵـــەم دەدرا و فەوتانی بەشـــار ئەسەد کاریگەریی نەرێنی دەخستە ســـەر وڵاتی ئێران و لە دەستپێڕاگەیشـــتنی بە چەکی ناوکییەکـــەی دووری دەخســـتەوە، چوونکـــە ئەم ئاڵۆزی و ململانێیەی وڵاتانی دەوروبەر دەرفەتێکی زیاتری بۆ دەڕەخساند و کاتێکی زیاتری بۆ ئەم مەبەستە بۆ دەگونجاند.

پێـــش هاتنی داعش بـــۆ عێراق، حکوومەتـــی هەرێمی کوردســـتان فەزای سیاســـیی بـــۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بە گونجاو دەزانی و بە هۆی ململانێ و کێشـــەی ئابووریی و دواخســـتنی بوودجەیـــان لە لایەن حکوومەتـــی ناوەنـــدی، پێداگرییان لـــە ســـەر گەڵاڵەی ســـەربەخۆیی دەکرد. وڵاتانـــی دەوروبەر بەتایبەت ڕێژیمـــی ئێران ئەم گەڵاڵەیەیان وەك مەترســـییەك بۆ سەر خۆیان دەزانی، هەڵوێستی توندیان لە هەمبەری گرت و ئاراستەی شەڕەکەیان لە ناوەڕاستی عێراقەوە بەرەو کوردستان گواستەوە.

ســـەرجەمی ئەم فاکتەر و هۆکارانە بارودۆخـــی هەرێمی کوردســـتانیان تووشـــی شـــپرزەییەکی سیاســـی و ئابووری و دەستێوەردانە دەرەکییەکان کرد کـــە بێ‌مووچەیی فەرمانبەران، ڕاگرتنـــی پـــرۆژە بنەڕەتییـــەکان، شەڕی تیرۆریســـتان و گوشارەکانی دەوروبەر و بەتایبەت هاندانی شەڕ و ماڵوێرانی لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بەرەو کوردســـتان، کۆچـــی لاوان و گەنجان بۆ هەندەرانی لێکەوتووەتەوە کە لە باری کۆمەڵناســـییەوە یەکێك لە خەسارە گرینگ و بنەڕەتییەکانە کـــە دەبێت خەسارناســـیی دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی بۆ بکرێت .

یەکێك لە ئەنجامە ناخۆشـــەکانی کۆچ لە جـــۆری کۆچی بەکۆمەڵ، ڕاکردنی باشترین تۆژی کۆمەڵگا، واتـــە تۆژی گەنجەکانە کە لە وڵاتە پێشـــکەوتووەکاندا وەکـــوو داهات و داهاتوویەکی هەرە گرینگ لە قەڵەم دەدرێن. ئەم تۆژە کە بە هۆی نالەباریی بەســـتێنی سیاســـیی وڵاتی خۆی، بەدی‌هاتنی ئاوات و ئارەزووەکانی لە وڵاتێکی نامۆ دەبینێتەوە، ئەو بەرهەم و تواناییانەی کـــە دەبێت لە خزمەت نیشتمانی خۆی‌دا بێت بۆ وڵاتێکی دیکە کـــە وەکوو دوایین شـــوێن بۆ ژیانی هەڵیبژاردووە، تەرخان دەکات. یەکێکی‌تر لەو خەسارانەی کە دیاردەی کۆچ دەیبەخشـــێتە کۆچبەران ئەوەیە کە لە بـــاری فەرهەنگییەوە لەگەڵ فەرهەنگێك ئاشـــنا دەبێت کە هیچ هاوشـــێوەییەکی لەگەڵ فەرهەنگی ئەودا نییە و هەتا ماوەیەك تووشـــی سەرلێشێوان و چەواشەیی فیکری و دەروونییان دەکات. هەرچەندە تێکەڵ بوون لەگـــەڵ فەرهەنگە جیاوازەکان لە هێندێ ڕەهەندەوە دەکرێت ئەرێنی و پوزێتیڤ لەبەرچـــاو بگیردرێت، بەڵام لەم حاڵەتـــەدا کە تێکەڵ بوون و کـــۆچ کردنەکان بە هۆی ئاڵۆزیی و ســـەقامگیر نەبوونی سیاســـی و ئابووریی وڵاتی پاڵ‌پێوەنەر، وەڵامدەر نییـــە و خەســـارگەلێکی دیکـــەی کۆمەڵایەتی، سیاســـی و ئابووری لە درێژخایـــەندا بـــە دوای خۆیدا دەهێنێت.

# هەناردەکردنی شۆڕش یان سیاسەتی پاکتاوکردن لە ناوچە؟

غالب حەبیبی

هەموو شتێك لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە ڕێبەری تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی «هەناردە کردنی شۆڕش»ی وەکوو ڕێگەچارە و ستراتیژی لە گەڵ وڵاتانی بیانی دەستنیشان کرد. شۆڕشێك کە بە هیچ چەشنێك بۆن و بەرامەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی پێوە دیار نەبوو، بەڵکوو دواتر و لەدرێژ ماوەدا « تایفەگەرایی» وەکوو گەورەترین هاوپەیمانیەتی، حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانی بە دوای خۆیدا هێنا.

دۆستان و هاوپەیمانەکانی کۆماری ئیسلامی ئەو دەستە و تاقمانەن کە لە هەوڵی بەهێزترکردن و داکوتانی زیاتری پایە و ڕیشەکانی پەیامی هەناردەکردنی شۆڕش دان.

بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو سیاسەتە بیناکردن و نۆژەنکردنەوەی سەمبولەکان زۆر گرینگن و لەو پێناوەشدا هەوڵدەدرێت کە سەمبولی شیعەخوازی پەرەی پێبدرێت. لە سەرجەم ڕووداوەکانی چڵ ساڵی ڕابردووەوە هەتا ئێستا، چەخماخەی سەرەکیی شەڕ، دەستێوەردان و یارییە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی، تەنیا لە ڕێگەی شەترنجی شیعەخوازییەوە، شیکردنەوە و ڕاڤەی بۆ کراوە.

چەمکی « هلال شیعە» کە پاشای ئوردۆن بۆ یەکەمین جار لە هەمبەر زیادەخوازی و پاوانخوازیی دەوڵەتی ئێران هێنایە بەرباس، لە لایەن بەڕێوەبەر و جێبەجێکاری سیاسەتی دەرەکیی ئێران قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودس، کاری لەسەر کرا. چەمکێك کە ئەو فەرماندە نیزامییە تێیدا پشتی بە ئابووریی نەوت بەستبوو، بەڵام کێ هەیە کە نەزانێ خاڵی هاوبەشی ئابووریی سیاسی لە گەڵ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، پاوانخوازی و سەرەڕۆیی بە دوای خۆیدا دێنێت.

ئەو پرۆسە بە ڕواڵەت یاساییە، لە تێکشکانی حکوومەتی بەعسدا، گۆمی خوێنی لە نیوان گەلاڵەداڕێژی سەرەکیی ئەو یارییە و وڵاتانی « هلال شیعی» وەکوو عێراق، سووریە، لوبنان و تەنانەت عەرەبستان و یەمەنیش وەڕێ خست.

بە بەردەوامی و پەیتاپەیتا لە کاروباری سیاسیدا جەخت لەسەر ئەو خاڵە کراوەتەوە کە لە ڕێگەی «زەبروزەنگ»ـەوە ناکرێ پەیوەندییەکان پەرەپێبدرێت. پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و داعش زۆر لە تیۆری و گوتەزای «کۆنتڕۆڵ و تێڕوانینی کەڵکاژۆ وەرگرتن» نزیکە، داعش کە وەکوو نوێنەری ئیسلامی نەریتی و کۆن هەڵسوکەوت دەکات، ئێستاکە لە پێناو سیاسەتی ڕەکابەری لەمێژینەی خۆی بەرەوپێشەوە دەڕوات و لە ڕاستیدا نەریتخوازیی پاوان کردووە و کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو پرسە وەکوو هێزی بزوێنەری سیاسەتی ناوچەیی کەڵك وەردەگرێت و خۆی وەکوو پوچەڵکەرەوەی سەرجەم بەلاڕێداچوونەکانی ئیسلامخوازی دەناسێنێ.

لە پشتی پەرەدی ئەو ئاڵوگۆڕانە، قوربانییەکان ئەو کەس و گرووپانەن کە لایەنگری لە ئیسلامی داعش ناکەن و هاوکاتیش بیر و باوەڕیان لە گەڵ بەرژەوەندیی سیاسی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران ناتەبایە و یەکناگرێتەوە.

هەر بەو هۆیەوە، کۆچکردن و دیاردەی کۆچبەریی مرۆڤەکان لەو شوێنانە دەستپێدەکات کە لایەنگرانی ئەو دوو بیرۆکەیە لە نەگونجان و شەڕدان، خەڵکانێك کە کۆچکردن بە ناچاری و زۆرە ملی هەڵدەبژێرن و لەو حاڵەتانەدایە کە کۆچی سیاسی دێتە ئاراوە.

لە ماوەی ١٥ مانگی ڕابردووەوە هەتا ئێستا کە داعش چوارچێوەی چالاکییەکانی لە سووریەوە بۆ عێراق گواستووەتەوە، زیاتر لە ٥ میلیۆن هاووڵاتیی ئەو دوو وڵاتە(سووریە ـ عێراق) ئاوارە بوون کە زۆربەیان سوننە مەزهەب و لەگەڵ ئیسلامی داعش و کۆماری ئیسلامی ناتەبا بوون، ئێستا دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی بە گرتنەبەری بەربەرەکانێی ڕواڵەتی لە گەڵ داعش سێ ئامانج دەپێکێت:

ـ هاوتەریببوون لە گەڵ شەپۆلی جیهانیی شەڕ بە دژی داعش سیمایەکی حەقانیەتخوازانەی نێودەوڵەتی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران نیشان دەدات و ئەو دەرەتانە بە کۆماری ئیسلامی دەدات کە بە بیانووی دابنیکردنی ئەمنیەت و ئاسایش، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا بکات. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتادا سەبارەت بە مەترسییەکانی سەر شوێنە ئایینیی وپیرۆزەکان هوشدارییان دا و دواتر دەستیان دایە پارێزگاری کردن و ئێستاکەش باس لە « رزمندگان ایرانی» لە بەرەکانی شەڕ لە سووریە و عێراق دەکەن.

ـ پەراوێز خستنی میسر و عەرەبستان لە ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە جیهانی ئیسلام. لەم ساڵانەی دوایيدا میسر کەمترین ڕۆڵی لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا هەبووە. عەرەبستانیش لە لایەن ئەمریکاییەکانەوە فشاری خراوەتە سەر و داوای لێکراوە کە لە سەر بەرنامەی ناوکیی ئیران نەرمی لە خۆی نیشان بدا و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لە کاروانەکە دوا نەکەوتووە و دەیهەوی هێژمونی خۆی وەکوو نوێنەری ئیسلام بۆ دژایەتی کردنی داعش و ڕووداوەکانی حەجی ئەمساڵ بسەپێنێت.

ـ ئەو خاڵانەی سەرەوە لە ئەنجامدا سیمای زۆرینەی سوننە و کەمینەی شیعە لە ناوچەکەدا تێك دەدات و ئەوەش ڕێگە بۆ گۆڕانی «دیمۆگرافی» لە ڕێگەی دەستە و تاقمەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی وەکوو حەشدی شەعبی خۆش دەکات.

**چەمکی « هلال شیعە» کە پاشای ئوردۆن بۆ یەکەمین جار هێنایە بەرباس، لە لایەن بەڕێوەبەر و جێبەجێکاری سیاسەتی دەرەکیی ئێران قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودس، کاری لەسەر کرا**

**دۆستان و هاوپەیمانەکانی کۆماری ئیسلامی ئەو دەستە و تاقمانەن کە لە هەوڵی بەهێزترکردن و داکوتانی زیاتری پایە و ڕیشەکانی پەیامی هەناردەکردنی شۆڕش دان**



# کێ باس لە مودیرییەت دەکات!

عارف وەڵزی

ڕۆژی جەژنی قوربانی ئەم ساڵ، واتە ڕێکەوتی ٢ی ڕەزبەری ١٣٩٤ بەرانبەر بە ٢٤ی سێپتامبری ٢٠١٥، لە یەکێك لە شەقامەکانی شاری مەنای عەرەبستانی سعوودی، حەشیمەتێکی زۆری حاجیان لە کاتی چوون بۆ مەراسیمی «ڕەجمی شەیتان»، تووشی قەرەباڵغی و وەژێر پێ کەوتن بوون و لە ئەنجامدا، ١٣٠٠ کەس لەوانەی کە بۆ بەجێ گەیاندنی فەرزییەی حەج لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهانەوە ڕوویان لە وڵاتی سعوودیە و شاری مەنا کردبوو، لە ژێر دەست و پێدا گیانیان لەدەست دا و نیزیك بە ١٠٠٠ کەسیش بریندار بوون.

لە دووایین لێدوانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەو پەیوەندیەدا، سەعید ئۆوەحدی سەرۆکی سازمانی حەج و زیارەتی ئێران ڕایگەیاند کە، لە نێوان کوژراو و بریندارانی ئەم ڕووداوەدا، ٤٦٥ حەجاجی ئێرانی بەرچاو دەکەون و بە پێی لێکۆڵینەوەکان، هەندێك کەسیش تا ئێستا بێسەروشوێنن و چارەنووسیان نادیارە. هەڵبەت ئەوە لە کاتێکدایە کە کاربەدەستانی وڵاتی سعوودییەش لە بەرانبەر ئەو ئیدیعایەی ئێراندا بێدەنگ نەبوون و ڕایانگەیاند کە کۆماری ئیسلامی مۆزایدەی سیاسی دەکات و کەسی ئێرانی لەم نێوانەدا بێسروشوێن نەبووە و تەنانەت هیچ کەس بەو ناو و زانیارییانەی کە وڵاتی ئێران باسی دەکات، بە شێوەی فەرمی نەهاتۆتە نێو خاکی سعوودیەوە.

هەر دوا بە دوای ئەو ڕووداوە نەخوازراوە، بەرپرسانی سعوودیە هەر وەك ڕووداوەکەی چەند ڕۆژ پێشتری «مسجد الحرام» کە تێیدا جەرەسەقیلێك کەوتە خوارەوە و بەو هۆیەوە زیاتر لە ٢٠٠ حاجی گیانیان لەدەست دا، ڕایانگەیاند کە لێژنەی تەحقیق و لێکۆڵینەوە بۆ پەیداکردنی هۆکارەکانی ئەم ڕووداوە پێك هێندراوە.



هەرچەند، ڕۆژی ڕووداوەکە شایەتحاڵان و بەرپرسانی ئەمنیی شاری مەنا و تەنانەت هەندێك لە بەرپرسانی ئێرانیی پەیوەندیدار بە کاروباری حاجیانی ئێرانی لە مەنا ڕایانگەیاند کە هۆکاری سەرەکی ڕوودانی ئەم کارەساتە ئەوە بوو کە، ٣٠٠ کەس لە زیارەتکەرانی ئێرانی بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕێنوێنی و ڕێوشوێنە ئەمنییەکانی کاربەدەستان و پۆلیسی شاری مەنا، لە خێوەتەکانیان هاتنە دەر و لە سەر شەقامێکی قەرەباڵغ و بە پێچەوانەی ڕەوتی حەشیمەتی زۆری خەڵك لەسەر ئەو شەقامە، بەرەو شوێنی مەراسیمی ڕەجمی شەیتان وەڕێ کەوتوون.

ئەم ڕووداوە کاربەدەستە ئێرانیەکانی هێنایە سەر خەت و بە شێوەیەکی بەربڵاو کەوتنە لێدوان و قسە کردن بە دژی ئەم وڵاتە و لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕێبەری وڵات عەلی خامنەیی بوو کە کاربەدەستانی سعوودیەی بە «مدیریت غلگ» واتە بەڕێوەبەریی هەڵە و «اقدامات ناشایست» یان کرداری ناشایست تاوانبار کرد. هەروەها حەسەن ڕووحانیش لە پەیامێکدا ڕایگەیاند کە دەبێ وڵاتی سعوودیە سەرەڕای وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارەتی ئەم ڕووداوە، ئەرکە یاسایی و ئیسلامیەکانی خۆی لەو پێوەندییەدا بەجێ بگەیێنێ.

ئێستا لەم چەند دێڕەدا مەبەست ئەوەیە کە گەلۆ بۆچی و بە چ مەبەستێك، و هەروەها چما تەنیا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دێن و باس لە بەڕێوەبەریی هەڵە و کرداری ناشایست لە وڵاتی سعوودیە دەکەن؟ ئایا وەك دەسەڵاتدارانی سعوودیە ئاماژەی پێ دەکەن، تەنیا دەیانهەوێ کەڵکی سیاسی لەم ڕووداوە وەرگرن؟ یا خود بەم لێدوانانەیان دەیانهەوێ بەڕێوەبەریی هەڵە و کردارە قیزەون و ناشایست و نەشیاوەکانی خۆیان لە نێوخۆی ئێران بشارنەوە؟

خامنەیی و ڕووحانی دەیانهەوێ ئەو ڕاستییە لە چاوی جیهان بشارنەوە کە تەنیا لە ساڵی ١٣٩٣دا، نیزیك بە ٥٠ هەزار کەس لە ڕووداوی هاتوچۆ لە ئێراندا گیانیان لەدەست داوە. دەیانەوێ ئەوە بشارنەوە کە ئاماری ڕێکخراوی جیهانیی یونسکۆ ئەوە نیشان دەدات کە، ڕێژەی گیان لەدەستدان بە هۆی ڕووداوی هاتوچۆوە لە ئێراندا ٢٠ بەرانبەری وڵاتانی دیکەی جیهانە. دەیانهەوێ ڕاپۆرتی ڕێکخراوی «WHO» بشارنەوە کە دەسەلمێنێ وڵاتی ئێران لە ڕیزبەندی ١٨٠ وڵاتی جیهاندا، لە پلەی ١٧٧ دایە و هەموو ئەمانەش دەگەڕێنەوە بۆ نەبوونی بەڕێوەبەریی دروست و سەردەمیانە بۆ ڕێگەوبانەکانی ئێران.

دەنا چۆن بوو کە نیزیك بە میلیۆنێك مرۆڤ لە شەڕی ماڵوێرانکەری نێوان ئێران و عێراقدا گیانیان لەدەست دا، بەڵام کەس باسی نەبوونی بەڕێوەبەریی هەڵە یان دروست، و یا کرداری ناشایستی نەکرد؟

بۆچی لە شەستەکان کاتێك ڕۆژانە بڕیاری لەسێدارەدانی بە کۆمەڵ، بە سەر سەدان و بگرە هەزاران ڕۆلەی نەتەوەکانی ئێران بە تاوانی جیابیری لە گرتووخانەکانی ئێراندا دەسەپا و جێبەجێ دەکرا، هیچ باسێك لە بەڕێوەبەریی هەڵە یا دروست، یا کرداری ناشایست نەدەکرا؟

بۆچی ئێستا کە ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە بە دەیان و سەدان و بگرە هەزاران کەس، بە هۆی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و ئیدز و برسییەتی و لافاو و بوومەلەرزە و ...هتد، لە ئێراندا گیان لەدەست دەدەن، کەسیان باسی لە بەڕێوەبەریی هەڵە یا دروست، یان کرداری نەشیاو ناکات؟

بێگومان ئەم پرسیارانە و بە دەیان پرسیاری دیکە، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن کە، ئامانجی سەرەکی خامنەیی و ڕووحانی و هاوبیرانیان، لەلایەك تۆڵە سەندنەوەیە لە دەسەڵاتی پاشایەتی سعوودیە بە نیسبەت شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و موعادڵاتی ناوچەیی و لە سەرووی هەموویان کەیسی سووریە و یەمەن، و لە لایەکی دیکەوە هەنگاوێکی ئامانجدارە بۆ ئەوەی کە بتوانن لەم ڕێگەیەوە، بە سەدان جۆر بەڕێوەبەریی خراپ و هەڵە و کرداری نەك نەشیاو، بەڵکوو هۆڤانە و جینایەتکارانەی خۆیان کە ڕۆژانە دەبنە هۆی گیان لەدەستدانی بە سەدان کەس لە ئێراندا، پەردەپۆش و بێدەنگ بکەن، بێ خەبەر لەوەی کە کاکڵ و نێوەرۆکی ئەم ڕێژیمە دڕندەیە بۆ هەموو جیهان ڕوون و ئاشکرایە و ناشاردرێتەوە.

# باسێک لەسەر سیستمی پەروەردە و فێرکردن لە ئێراندا

جەماڵ ڕەسوڵ دنخە

پرسی پەروەردە و فێرکردن یەکێك لە گرینگترین پرسەکانی هەموو وڵاتانی جیهان لە هەموو سەردەم و قۆناغەکانی مێژوودا بووە و هەمیشە سەرنج و بیری زانایان و بیرمەندانی کۆمەڵگای بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە.

دوای تێپەڕبوونی زەمەن و پێکهاتنی نیزامە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕی هەندێك لە دەسەڵات و نیزامەکان لە جیهاندا، بایەخێکی زیاتر بە پەروەردە و فێرکردن درا و ڕۆژ بە ڕۆژ پێویستی و گرینگیی پرسی پەروەردە زیاتر خۆی دەرخست هەربۆیەش هەنووکە وڵاتانی جیهان زیاترین هێز و توانایان بۆ ئەو پرسە تەرخان دەکەن و هەموو ئیمکاناتی ماددی و مەعنوی خۆیان بۆ پەروەردە و فێرکردن وەگەڕ دەخەن.

بەڵام ئەگەر پەروەردە و فێرکردن کاریگەرترین و گرینگترین هۆکاری پێشکەوتنی کۆمەڵگایە، لە ئێراندا بۆچی ئەم پرسە بایەخی پێ نادرێت؟ دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی تاران بۆچی ئیمکاناتی ئەو بەشە دابین ناکەن؟ بەرپرسانی پێوەندیدار هیچ هەوڵێك بۆ چارەسەری کێشەکانی پەروەردە نادەن؟ زۆر پرسیاری دیکەش هەن کە بە ڕادەی خودی پرسی پەروەردە و فێرکردن وڵامیان نەدراوەتەوە.

لە دنیای پەروەردەدا کۆمەڵێکی بەرچاو لە مەکتەبە فیکرییەکان هەن کە شارەزایانی بەشی پەروەردە، هێڵی فێرکاریی وڵاتەکەیانی لە سەر دادەمەزرێنن و لە هەندێك وڵاتیش شێوازێکی دیاریکراوی نییە و هاوشێوەیەك لە چەند مەکتەب لە پەروەردە و فێرکردندا بەکار دێنن.



پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا لە ئێراندا چ سیستمێك بۆ پەروەردە بەکار دێنن؟ پێش هەموو شتێك لە ئێراندا نیزامێکی ئیدئۆلۆژیك لەسەر کارە و دەسەڵات لە سەر بیرۆکەی ئیدئۆلۆژی ویلایەتی فەقیهـ بونیاد نراوە کە ئەوە بۆخۆی دەرخەری ناوەرۆکی هەموو پێکهاتەی ئەو سیستمەیە.

لە سیستمی پەروەردەی ئێراندا، لە سیستمی ئایینی حکومەتی کەڵك وەرگیراوە کە ئامانجی ئەو پەروەردەیە پێ گەیاندنی مرۆڤە بۆ گەیشتن بە ئاستێکی تایبەت کە بە دڵی وەلی فەقیهـ بێت و لەو بیرۆکەیەدا بتوێتەوە، کە واتە دنیا بە دنیایەکی بێبایەخ بۆ مرۆڤ سەیر دەکرێت و هەر بۆیەش لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکی خوێندنەوە لە هەموو کتێب و نووسراوەکاندا باس لەوە دەکەن کە نابێ دنیا و ژیانی غەیرە ڕوحی بایەخی پێ بدرێ و هەر لەو پێناوەشدا هیچ هەوڵێك بۆ چاکسازی کۆمەڵگا و دێموکراتیك و ئینسانیکردنی خوێندن و قوتابخانە و زانکۆکان نادرێت.

هەر بۆیەش بوونی هەژاریی فکری لە نێو کۆمەڵگادا لە هەموو بوارەکاندا بە ڕوونی بەرچاو دەکەوێت، لەو پێوەندییەشدا گرینگە باس لەوە بکرێت بۆچی لە نێو کۆمەڵگای ئێراندا قەیرانێکی زۆری کۆمەڵایەتی، سیاسی و... هتد، بوونی هەیە؟

وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوەیە کە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگا تێکڕا مانایان هەیە و هیچ بوارێك بەتەنیایی ناتوانێت وەڵامدەری پێویستییەکانی مرۆڤ بێت لە نێو کۆمەڵگادا، چونکە تێکەڵاوییە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان هەر کام بەشێکن لە کێشەکان و ڕیشەی هەموو کێشەکانی نێو کۆمەڵگاش دەبێ لە پەروەردە و فێرکردندا بدۆزینەوە.

پرسی پەروەردە سێ بەشی جیاوازی وەك ١ـ پرسی بونیادی و ناورۆکی پەروەردە، ٢ـ پرسی مامۆستایان و ٣ـ پرسی بەڕێوەبەری لەخۆ دەگرێت، کە هەر کام لەو پرسانە بۆ خۆی کۆمەڵێك باسی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام بۆ ناساندنی گۆشەیەکی بچووك لە سیستمی پەروەردەی ئێران بەشێکی ئەو پرسانە دەخەینە بەر باس.

لە پرسی یەکەمدا، بە هۆی ئەوەیکە سیستمی پەروەردە، ئایینی حکومەتییە، ئامانج و داخوازییەکانی مرۆڤ لەو سیستمە پەروەردەییەدا لەگەڵ پێویستییەکانی کۆمەڵگادا ناتەبایە، کە ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە لە خوێندنگاکاندا هیچ بەرهەمێکی زانستی دەستەبەر نەبێت.

ئامانجەکانی پەروەردە و فێرکردن گشتین و قوتابخانە و زانکۆکان کاراییان دیار نییە.

کارناسانی بەرنامەداڕێژی پەروەردە بە هۆی سیستمی دەسەڵات و ئەوەیکە لەو سیستمەدا گەشە کردن و پەروەردە بوون پابەند بە نیزام و بیرۆکەی کۆنن و تەنیا بەپێی پێویستییەکانی سەردەمی خۆیان بەرنامەی ئەمڕۆکەی پەروەردە دادەڕێژن. هیچ هاوئاهەنگییەك لە نێوان ئامانجەکانی پەروەردە و پێویستییەکانی کۆمەڵگادا دیار نییە.

لە پرسی دووهەمدا، کەڵك وەرنەگرتن لە کەسانی شارەزا و زانا و نەگونجانی بەرنامە دەرسییەکان لەگەڵ دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگادا، دەبێتە هۆی ئەوەیکە قوتابی تەنیا ئەزبەرکردن فێر دەبێت و ناتوانێت کەڵك لە زانست وەربگرێت.

لە پرسی سێهەمدا، نەبوونی فەزای قوتابخانە، پێداویستییە پێویستەکانی شوێنی خوێندن، نەبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان بەرنامە، گەڵاڵە و هەوڵی بەڕێوەبردن، نەبوونی لێکۆڵینەوە و بەکارهێنانی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی سەردەم و ڕۆژ و کۆمەڵێك کێشەی دیکە لە کێشەکانی سیستمی پەروەردەیی لە ئێراندا وای لە کۆمەڵگا کردووە کە بێسەروبەری و گۆڕینی ئاراستەی کۆمەڵگا بۆ ئاقارێکی نادیار، بەرۆکی خەڵکی ئێرانی گرتووەتەوە.

لە کۆتاییدا دەتوانین باس لەوە بکەین تا ئەو کاتەی ئەو ڕێژیمە لە سەر کار بێت نابێ چاوەڕوانی تەنانەت بچوکترین گۆڕانکاری لە سیستمی پەروەردەدا بین، چوونکە بچووکترین گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردەدا، گەورەترین ئاڵوگۆڕ لە نێو کۆمەڵگادا پێك دێنێت کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا گەیشتن بەو قۆناغە مسۆگەر نابێت.

# ڕووسیە دژبەرانی ئەسەدی نیگەران کردووە

شەهاب خالیدی

سەرەڕای ئەو سەرکەوتنانەی کە هێزەکانی نەیاری بەشار ئەسەد بەدەستیان هێناوە و بازنەی دەسەڵاتی بەشار ئەسەدیان تەنگ کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەو هێزانە لەگەڵ زۆر کۆسپ و تەگەرەی دیکە بەرەوڕوون، کە یەکێك لەو کۆسپانەش هەبوونی گرووپی تیرۆریستیی داعشە، کە ئەم گرووپە تیرۆریستیە لە دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەدیش شەڕ دەکات (هەرچەند کە باس لەوە دەکرێ کە ئەگەریش دەستی ئێران و سووریە لە دروست کردنی داعشدا نەبێ، بەڵام لانیکەم ئەوان ئەو هێزە تیرۆریستیە بە قازانجی خۆیان بەکار دێنن و ...هتد).

ئەو گرووپە تیرۆریستیە ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێ، ڕێژیمی بەشار ئەسەد و پشتیوانانی ئەو ڕێژیمەی ئەوەندە نیگەران کردووە، کە ناچار بوون هەڤاڵبەندییەکی نوێ لە دژی داعش، لە بەرامبەر ئامریکادا پێك بێنن، کە لە چوارچێوەی ئەم هەڤاڵبەندییە نوێیەدا ڕووسیە دەستی کردووە بە هێرش کردنە سەر داعش. بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش ئەمەیە کە کاتێك ڕووسیە یەکەمین هێرشی ئاسمانیی خۆی بۆ سەر پێگەکانی داعش لە حەما و حومس دەست پێکرد، ئامریکا ڕایگەیاند کە فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕووسیە لە داعشیان نەداوە. چوونکە حەما و حومس لە دەستی داعشدا نین و هێزەکانی دژبەری ڕێژیمی بەشار ئەسەدیش ڕایانگەیاند کە فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕووسیە لە ئەوانیان داوە، و تەنانەت دیمەنەکانی ئەو هێرشەشیان بڵاو کردەوە. هەروەها بەرپرسێکی ئامریکایش ڕایگەیاند کە یەکێك لەو هێزانەی کە کەوتووەتە بەر هێرشی ڕووسیە، ئەو هێزەیە کە لە لایەن «سیا» وە پەروەردە کرابوو.

هەربۆیەش ئێستا ئۆپۆزیسیۆنی سووریە، ئەو هەڵوێستەی ڕووسیە و هێرشی ئاسمانیی ڕووسیە لە دژی داعش بە ئەرێنی نابینێ و ڕایگەیاندووە کە ڕووسیە ڕەنگبێ لە داوڕۆژدا هێزە نیزامییەکانی خۆیشی بهێنێتە نێو بەرەکانی شەڕەوە، کە ئامانجی ئەو و هاوپەیمانەکانی، تەنیا و تەنیا پاراستنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و بەرژەوەندییەکانی خۆیانە و ئەمەش لە دژی شۆڕشی خەڵکی سووریەیە. لە ڕاستیشدا هەروایە و ئێستا ڕووسیە سەرەڕای ئەوەی کە شەڕی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا دەکات، لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی کە ئەو بەرژەوەندییە ئابوورییانەی کە لەگەڵ ئێران هەیەتی، لە دەستی نەدات، ناتوانێ ئێران لە سووریەدا بە تەنیا بەجێبهێڵێ و بەردەوام پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بە بێ بەشار ئەسەد کێشەکانی سووریە چارەسەر نابن.

لایەنی دیکەش ئامریکا و هاوپەیمانانی ئامریکان کە لە سەر ئەو بڕوایەن کە دەبێ قەیرانی سووریە لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر بێ و لە قۆناغی گواستنەوەی دەسەڵاتدا، بەشار ئەسە دەتوانێ بمێنێتەوە، بەڵام دوای کۆتایهاتنی ئەم قۆناغە، جێگای بەشار ئەسەد لە داوڕۆژی سووریەی سێکۆلاردا نییە، هەربۆیەش سەرەڕای ئەوەی کە هەردوو لایەن باس لە سووریەیێکی سێکۆلار و دێموکراتیك و یەکپارچە دەکەن، و هەروەها خوازیاری لە نێوبردنی داعشن، بەڵام کێشەیان لە سەر مانەوە یان لاچوونی بەشار ئەسەد هەیە، کە چارەسەری ئەم کێشەیە لە کورتماوەدا زۆر زەحمەت دەبینرێ.

لە ڕاستیدا ئەگەر لە سەرەتادا ئامریکا و هاوپەیمانەکانی بە پەلە پێشیان بە جینایەتەکانی بەشار ئەسەد بگرتایە، ڕەنگە ئێستا نە ئەو هەموو هێز و گرووپە ئیسلامیە توندڕەوانە دروست ببوونایە و نەش ئەو دەم ڕووسیە و ئێران دەیانتوانی بەم شێوەیە لەگەڵ عێراق و سووریە هاوپەیمانیەتێك لە بەرامبەر ئامریکادا دروست بکەن. ئێستا کە ئەم هاوپەیمانیەتە نوێیە پێکهاتووە، پرسیار ئەمەیە کە ئاخۆ ئامریکا و ڕووسیە بە چ شێوەیەك لە سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە سووریەدا ڕێك دەکەون؟

هەرچەند وەڵامی ئەم پرسە زەحمەتە، بەڵام کاتێك کە ئێمە بیر لە لەسەرکارلابردنی میلوسویچ و ڕووخاندنی دەسەڵاتی قەزافی و سەدام حوسەین لە لایەن ئامریکایەوە دەکەینەوە، کاتێك کە ڕووسیە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئەو سێ ڕێبەرانەشدا هەبوو، (هەرچەند کە بەرژەوەندییەکانی ڕووسیە لەگەڵ سووریە، جیاوازییان هەیە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەوکاتی ڕووسیە لە عێراق و لیبی و یوگسلاوی)، مرۆڤ دەتوانێ بەو ئاکامە بگات کە ڕووسیە لە کۆتاییدا لە پێناو قازانجەکانی خۆیدا، پشتی هاوپەیمانەکانی چۆڵ دەکا و لەگەڵ ئەمریکادا پێکدێ.

# تورکیە بەرەو هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازی دیکە

ن: هێرش کەریمی




لە هەڵبژاردنە پارلمانییەکەی تورکیەدا کە لە ژوئەنی ٢٠١٥ (١٧ی جۆزەردانی ١٣٩٤)دا بەڕێوە چوو، لەسەدا ٨٤ی دەنگدەرانی وڵاتی تورکیە چوونە سەر سەندووقەکانی دەنگدان و چارەنووسی حیزب، لیست و قەوارە سەربەخۆکانی ئەو وڵاتەیان یەکلایی کردەوە. پارتی داد و گەشەپێدان(ئاکەپە) کە ماوەی ١٣ ساڵ زۆرینەی ڕەهای دەنگەکانی پارلمانی تورکیەی بۆ خۆی مسۆگەر کردبوو، لە٢٥ـەمین خولی هەڵبژاردنەکان ئەو زۆرینەیەی لەدەستدا، هەروەها پارتی دێموکراتیکی گەلان(هەدەپە) کە بە پارتێکی کوردی لەکوردستانی تورکیە دێتە ئەژمار بەشێوەیەکی بەرچاو دەنگەکانی بە نیسبەت هەڵبژاردنەکانی پێشوو زیادی کرد و توانی بەربەستی لەسەدا ١٠ تێپەڕ بکات.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارلمان(ساڵی ٢٠١٥)

- پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) ٢٥٨ کورسی

- پارتی گەلی کۆماریی(جەهەپە) ١٣٢ کورسی

— بزووتنەوەی نەتەوەپەرەستی تورکیە(مەهەپە) ٨٠ کورسی

- پارتی دێموکراتیکی گەلان(هەدەپە) ٨٠کورسی

بۆ پێکهێنانی کابینەی حکوومەت و دروستکردنی قەوارەی دەوڵەت هەر حیزبێك پێویستی بە ٢٧٦ کورسی هەبوو، زۆرینەیەك کە لەماوەی ١٣ ساڵی ڕابردوودا ئاکەپە بە تەنیایی بەدەستی دەهێنا و حکوومەتی پێکدەهێنا، هەنووکە پاش تێپەڕبوونی دوو مانگ لەهەڵبژاردنەکان پارتی «داد و گەشەپێدان» نەیتوانی حکوومەت پێکبهێنێت و بە پێی بڕگەیەکی یاسایی کە لە دەستووری تورکیەدا هاتووە پێویستە هەڵبژاردنی پێشوەختی پارلمان لەو وڵاتەدا بەڕێوە بچێتەوە.

شکستی وتووێژەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی هاوپەیمانیەتی

پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکپارتی) بەپێی ئەوەی کە نەیتوانی زۆرینەی کورسییەکان بە دەست بهێنێت بە ناچاری هانای بردە بەر پێکهێنانی حکوومەتی هاوپەیمانیەتی و پاش دوو مانگ ڕاوێژ و کۆبوونەوە لە گەڵ سێ حیزبی ڕکابەری خۆی، واتە پارتی گەلی کۆماری(جەهەپە)، بزووتنەوەی نەتەوەپەرەستی تورکیە(مەهەپە) و پارتی دێموکراتیکی گەلان(هەدەپە) بێجگە لە پێکهینانی دەوڵەتی کاتی هەتا کاتی هەڵبژاردنی پێشوەخت هیچ ڕێگە چارەیەکی دیکەی لەبەردەستدا نەبوو. پێکهاتەیەك کە ئەحمەد داود ئۆغلوو سەرۆك وەزیری تورکیە پڕۆژە یاساکەی بە مەبەستی پشتڕاست کردنەوە ڕادەستی سەرکۆماری ئەو وڵاتە کرد و بە پێی ئەو پێکهاتەیە زۆربەی وەزارەتخانەکان دەکەوتە دەستی پارتی داد و گەشەپێدانەوە، بەڵام لەو پێکهاتە نوێیەدا چوار هەڵبژاردە یان پۆست جێگای مشتومڕ بوون. بوونی ژنێکی حیجابی وەکوو وەزیری بنەماڵە و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕەخنە و نارەزایەتی حیزبە سێکۆلارەکانی بە دوای خۆیدا هێنا، بەڵام بوونی دوو وەزیری کورد (وەزارەتی کشت و کاڵ و کاروباری ماڵی) لە دەوڵەتی کاتی کە سەر بە پارتی دێموکراتیکی گەلان بوون، پرسی هەڵبژاردن و سیاسەتی چەند ساڵەی تورکیەی بردە قۆناغێکی دیکەوە.

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە کاتێکدا پێکهاتەی تازەی دەوڵەتی کاتی تەئید کرد کە پێشتر داود ئۆغلوو داوای لە پارتی دێموکراتیکی گەلان کردبوو کە بەشداری حکوومەت بن و هەر پاش ئەوەی کە ناوی وەزیرەکان ئاشکرا کران، سەرۆك وەزیرانی تورکیە بەشداری کردنی نوێنەرانی کوردی بە هەوڵێکی « زۆرە ملی و داسەپاو» وەسف کرد و ڕایگەیاند کە «ئێمە خوازیاری پێکهێنانی کابینەی دەوڵەت لە گەڵ کوردەکان نەبووین، هەروەها باسی لەوەش کردبوو کە هەدەپە پشتیوانی لە «تیرۆر» دەکات.

لە ڕاستیدا لە نێوان سێ حیزبی ڕکابەردا، تەنیا پارتی دێموکراتیکی گەلان سەرەڕای ئەو کێشە و ناکۆکیانەی کە لەگەڵ حیزبی دەسەڵاتداری هەبوو چووە ناو دەوڵەتی کاتی و هەر دوو پارتی، پارتی گەلی کۆماری(جەهەپە) و بزووتنەوەی نەتەوەپەرەستی تورکیە(مەهەپە) نە تەنیا بانگەواز و داواکاریی داوودئۆغلوویان ڕەتکردەوە، بەڵکوو لە ڕەخنەگرتن لە دەوڵەتی کاتی بەردەوام بوون.

عەلی حیدەر کونجا وەزیری پرس و کاروباری ئورووپا و موسلیم دۆغان وەزیری گەشەپێدان، ناوی ئەو دوو وەزیرە بوون کە لە دووهەمین دانیشتنی هەیئەتی وەزیرانی دەوڵەتی کاتیدا، دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان ڕاگەیاند، ئەو دوو وەزیرە هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەی خۆیان گەڕاندەوە بۆ ئەو فشارانەی کە لەو ماوە کورتەدا خرابووە سەریان، هەروەها ئەوەشیان ئاشکرا کردبوو کە پرۆسەی ئاشتی لە تورکیە و ڕەوتی ئاشتی لەو وڵاتە لە دوای هەڵبژاردنەکان گۆڕانی بەسەردا هات و دووپات بوونەوەی ڕووداوەکانی دەیەی ٩٠ی میلادی لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیە، ڕاگەیاندنی حکوومەت نیزامی و ئەمنیەتی کردنی کوردستان وای کرد کە ناوچە کوردنشینەکان وەکوو وێرانەیەکی لێ بێت.

هەڵبژاردنی پێشوەخت و پرسی کورد

بوردومانکردنی بنکە و بارەگاکانی پەکەکە، سیاسەتی دەوڵەتی ئەردۆغان لە هەمبەر پارتە کوردییەکان، پرۆسەی ئاشتی لە گەڵ پەکەکە و حوزووری پارتی دێموکراتیکی گەلان لە گۆڕەپانی دەسەڵات لەو خاڵانەن کە دەکرێ لە هەڵبژاردنی مانگی نوامبری تورکیەدا ڕۆڵیان هەبێ و کاریگەری لەسەر دەنگەکان دابنێن، بەر لە هەڵبژارنە پارلمانییەکەی مانگی ژوئەنی تورکیە، زۆرترین مشتومڕەکان لە گەڵ پارتی داد و گەشەپێدان لەسەر سێ خاڵی ئابووری، سیاسەتی دەرەکی و ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان بوو، بەڵام پرسێکی زۆر گرینگی دیکە کە لەپاش هەڵبژاردنەکان هاتووەتە ئاراوە، سیاسەتی ئەردۆغان بە نیسبەت پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ پەکەکە و مەسەلەی کورد لەو وڵاتەیە.

لە بانگەشە هەڵبژاردنییەکاندا ئەردۆغان و بەشێك لە سەرکردەکانی پارتەکەی بە بەردەوامی پێداگرییان لەسەر مەسەلەی کورد دەکردەوە و هەوڵیان دەدا بە جیاکردنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە کوردەکان، دەنگی بەشێك لە عەشیرەتەکانی کورد بەدەست بهێنن و هێڵێکی جیاکەرەوەش بە نیسبەت سیاسەت و ڕوانینی خۆیان بۆ مەسەلەی کورد لە گەڵ «بزووتنەوەی نەتەوەپەرەستی تورکیە» دیاری بکەن. پارتی دێموکراتیکی گەلان، ئەو سیاسەتەی ئەردۆغان کە لە هەمبەر پەکەکە و پرۆسەی ئاشتیدا گرتوویەتەبەر بە بیانوویەك بۆ سەرکوتی کوردەکان دەزانێ و بە بەردەوامییش پێداگرییان لە سەر بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتی لەو وڵاتەدا کردووەتەوە.

## جووت حەوت



**ئەم ڕووداوەی حەجی ئەمساڵ کە دەڵێن ٤١٧٣ کەسی تێدا کوژراون، ئەگەر بۆ حکوومەتی سعوودی و ئیسراییل و ئەمریکا و پاکستان و تەنانەت خودی حاجییەکانی مەککە چۆڕێك ئاوی لیخنیشی تێدا نەبووبێت، بۆ هەرکام لە حاجییە مەککە نەدیوەکانی تاران تەشتێك نان و مەسینەیەك ڕۆنی تێدا بوو.**

**بۆ نموونە، سپای پاسدارانی تاران کە ویستوویە خۆی بۆ ئاغاکەیان شیرین بکات، ڕایگەیاندووە کە: «ڕووداوی منا خەیانەتی هێزە ئەمنیەتییەکانی سعوودی بوو».**

**ئەو قسەیە حەوت سووری لە توڕڕەهاتەکانی ئیمامی ڕاحل کردووە و خاجیشی بێگومان گرتووە. ئاخر ناڵێن خەیانەت لە کێ؟ حەتمەن لە ئیمام خامنەیی. جا مەگەر ئەوان پێشتر لەگەڵ ئاغا دەستی بەیعەتیان دابوو کە ئێستا خەیانەتیان لێی کردبێت؟ وەك ئەوە وایە کە بڵێی خێزانی دراوسێمان خەیانەتی لە من کردووە. جا خێزانی دراوسێت بە تۆ چی؟ هێزە ئەمنیەتییەکانی عەرەبستانیش ئەوپەڕی ئەگەر نامەرد بن، دەتوانن خەیانەت لە بنەماڵەی سعوودی بکەن کە مووچەیان لێ وەردەگرن. خۆ ئیشەڵڵا وەك هێندێك لایەن مووچە لە سپای پاسداران وەرناگرن کە ئێستا بە «نمەك بە حەرام» دەرچووبن، مەجبووریش نین بە شان و باڵی حاج قاسم و ماج قاسمدا هەڵبڵێن.**

**مێژوو دەڵی ئەم جۆرە ڕووداوانە نە بۆ جاری یەکەمە کە ڕوو دەدەن و نە زۆریش سەیروسەمەرەن. لە ساڵی ١٩٨٧ بەم لاوە تا ئێستا ئەوە جاری هەشتەمە کە حەج دەبێتە قەسابخانە و گومان لەوەدا نیە کە ڕووداوی ئەم جارەش بە بێ لە بەرچاوگرتنی هۆکارەکانی، کارەساتێکی مرۆیی دڵتەزێن بوو، بەڵام بۆ ئەم ناوچەیە سەیروسەمەرە نەبوو.**

**باشتر وایە بڵێین لەم دەڤەرەی ئێمەدا لانیکەم بۆ خۆمان لەمێژە ئیتر هیچ شتێك سەیر نیە و هەموو کارەساتێك تایبەتمەندیی «هەژێنەربوون»ی خۆی لە دەست داوە و دەکرێ بڵێین ئەگەر هەموو شتێکیش سەیر بێت، هەواڵی کوژران و تێداچوونی چەندسەد کەس لە ڕووداوێکی ڕۆژانەدا ئیتر سواوە و فارس گوتەنی لە خاوەرمیانەدا فاقدی ئەرزشی خەبەرییە. هەر بۆیە کاتیك کە ئێمەمانان لە کەسێك دەپرسین «دەنگوباس؟»، ئەگەرچی لە ڕاستیدا بەپێی یاسای ڕۆژنامەگەری، سێرچێکمان بۆ هەواڵ کردووە، بەڵام ئەگەر لە وەڵامدا ببیستین ئەمڕۆ لە سووریە سێسەد کەس بەهۆی بۆمبی هێشوویی کوژران یان لە یاریگایەکی فووتباڵی میسر ٢٠٠ کەس هەروا لەخۆڕا لە ژێر دەست و پێ خنکان یان لە عێراق بەهۆی تەقینەوە لە مەیدانێکی حەیوانفرۆشیدا پانسەد سەر مەڕی بەستەزمان و ٢٥٠ مرۆڤ پارچەپارچە بوون یان لە ئێران ٢٥٠ کەس بەهۆی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە گیانیان لە دەست دا و کوڕی فلانە ئایەتوڵڵا ٢٠ میلیارد دۆلار و کێڵگەیەکی نەوتی دزی، کابرا بە گەوج دەزانین و بە شێنەییەوە دەڵێین: «کورە ئەوە دەڵێی چی؟ من دەڵێم دەنگوباس؟» یان بە بزەیەکەوە کە بە مانای ئەوەیە گومانمان لە سەلامەتی عەقڵی کابرا هەیە، پرسیاری دووەم وەك نارنجۆك دەخەینە بەردەمی و دەڵێین: «ئیتر دەنگوباس؟» یانی «ئەفەندی! ئەمانەی کە تۆ باست کردن تۆخمەکانی هەواڵیان تێدا نیە، یان بایەخی خەبەرییان بۆمان نیە و هێشتا بەدوای بۆمبە خەبەرییە ڕاستەقینەکەدا دەگەڕێین». بۆیە لە جاری دووەمدا وەڵامی پرسیارەکەمان وەردەگرینەوە کە هەمیشە دەبێتە: «سەلامەتیت» یان «هەناسەیەك هەڵدەکێشین» یان «سپاس بۆ خوا، هێشتا زیندووین». ئەوە نیشان دەدات کە لە دەڤەرە پیرۆزەکەی ئێمەدا سەلامەتی یان هەناسە هەڵکێشان یان زیندووبوون لە خودی خۆیدا سەرنجڕاکێش و نامۆ و ناوازەیە، واتە هەر ئەوەی کە مرۆڤ بتوانێ بە پێچەوانەی ڕەوتی ڕووبارەکە مەلە بکات و هەناسە هەڵبکێشێت، بۆ خۆی بۆمبێکی خەبەرییە. هەر بۆیە کەرەستەی خاوی هەواڵێکی نایاب و شتە سەرنجڕاکێش و سەیروسەمەرەکەی لای ئێمە کە هەرگیز بۆمان ئاسایی و کۆن نابێتەوە، نەك بۆردمانەکانی ڕووسیە یان ئەمریکا لە عێراق و سووریە، یان شەڕی نێوخۆیی تورکیە یان درێژەی ئیعدامەکان لە نێو یاریگاکانی فووتباڵ و ئامفی تیاترەکانی ناوچەی ژێردەسەڵاتی تاڵیبان و داعش، بەڵکوو تەندروستیی کەسێکە کە لەو ناوچەیەدا دەژی. ئەگەر کەسێك لە ئێمە چوارستوونی سالم بێت و عەقڵی دروست کار بکات، هەموان وەك کەسێکی نائاسایی و ناوازە چاوی لێ دەکەن و بەهۆی دڵسۆزییەك کە هەیانە بۆی، زوو کارێك دەکەن کە ئەویش وەك خۆیانی لێ بێت و بارودۆخی ئاسایی ببێتەوە واتە بچەقێتە نێو قووڕە سوورە خەست و خۆڵەکە.**

# ڕۆژی جیهانیی مامۆستایان و دۆخی پەروەردە و مامۆستا لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا

هەڵمەت مەعروف




جیا لە گرنگیی ئەرکی مامۆستایەتی لە ڕوی ئەخلاقی و ئایینی و فەلسەفییەوە کە لە ڕوانگە و گوتاری پێغەمبەر و زانا و فەیلەسووفەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی زانستییانە و بە چاوی وزەی مرۆییش لە مامۆستا بڕوانین، ئەوا پیشەی مامۆستایەتی یەکێکە لە گرنگترین و هەستیارترین پیشەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ئەو هەستیارییەش بە هۆی جیاوازبوونی کەرستە و مادەی خاوی بەردەستی مامۆستا و کاریگەریی دەرهاوێژەکانی سیستمێکە کە مامۆستا کاری تێدا دەکات. بە کورتی مامۆستا سەروکاری لەگەڵ قوتابی، واتا مرۆڤ هەیە و ئەو مرۆڤەش لە هەمان کاتدا کە لە ئێستای خۆیدا لە کۆمەڵگادا دەژی، لە دوارۆژ و دوای چوونە دەری لە سیستمی پەروەردە، وەك تاکێکی ئەو جڤاکە، دەژیت و کار دەکات و بەرپرسیارەتی و ئەرکی جۆراوجۆر دەگرێتە ئەستۆ، لێرەوە دەگەین بەو ئەنجامە کە مامۆستا یەکێکە لە بناغەدانەرانی کۆمەڵگا و ڕکێف و جڵەوی کۆمەڵگای داهاتوو و بگرە ئەوڕۆکەشی لە دەستدایە، هەر بۆیەش بە پێچەوانەی وڵاتانی دواکەوتوو، کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بەتایبەتی لە هەڵبژاردن و دامەزراندن و بردنە سەری پلەی مامۆستا و هەڵسەنگاندن و نوێ کردنەوەی گرێبەست و دانانی خولی فێرکاری و شێوازە نوێیەکانی وانەوتنەوە و مووچەی مامۆستا و ...تاد، یەکجار هەستیارن. بۆ نموونە مووچەی مامۆستایەکی بنەڕەتی لە وڵاتی ئامریکا چوار هەزار و پێنج سەد و شەش دۆلارە لە هەمانکاتدا مووچەی مامۆستایەکی هاوشێوە لە ئێران لە باشترین دۆخدا حەوت سەد دۆلارە واتە نزیك بە سێ میلیۆن تمەنە و مامۆستایەکی مامناوەند (لە ڕوی ئەزموونی کاری و ئاستی خوێندەواری) چوار سەد و پەنجا دۆلار واتە میلیۆنێك و پێنج سەد تا میلیۆنێك و حەوت سەد هەزار تمەنە. هەڵبەت ئەوە جیا لەو سوبسید و داشکان و خزمەتگوزارییە تایبەتییانەیە کە مامۆستا لە ئەمریکا وەری دەگرێت و لە ئێران لێی بێبەشە.

لە هەمان کاتیشدا بە هەمان ڕێژە کە وڵاتانی پێشکەوتوو گرنگی بە ژیان و دۆخی ئابووری و دەروونیی مامۆستا دەدەن، وڵاتانی پاشکەوتوو و دیکتاتوری وەك کۆماری ئیسلامی، سوریە، یەمەن و ...تاد، لە هەڵبژاردن و دامەزراندن و ڕاگرتنی مامۆستادا پێوەرەکانیان یەکجار جیاوازن لە وڵاتانی پێشکەوتوو، کە هەر ئەو جیاوازییانە خۆی هەڵگری دەیان گوتار و بابەتە، کە لە درێژەدا تا ڕادەیەك ئاماژەیان پێدەکرێت. هەڵبەت ئەو جیاوازییانە لە ناوچەگەلی کەمینە نشینی ئەو وڵاتانە بۆ نموونە کوردستان و بەلووچستان و ...تاد لە ئێران، یەکجار زەق و بەرچاوترە و هەڵاواردنێکی یەکجار زۆری نەتەوەیی پێوە دیارە.

گرنگیی ئەرکی مامۆستا و کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگا وای کردووە کە لە چل و چوارەمین دانیشتنی ساڵیانەی وەزیرانی پەروەردەی وڵاتانی ئەندام، لە ڕێکەوتی ٣ تا ٨ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٩٤، بە پێشنیاری «فدریکۆ مایۆر» بەرپرسی گشتی ئەو کاتی ڕێکخراوی یونسکۆ لە ساڵی ١٩٩٥ بەدواوە، ڕۆژی ٥ی ئۆکتۆبر، واتە سێزدەی ڕەزبەری هەموو ساڵێك، بە ڕۆژی جیهانیی مامۆستا بناسرێت، ناوبراو گرنگیی دەستنیشان کردنی ئەو ڕۆژەی گەڕاندەوە بۆ سەر گرنگیی مامۆستا لە سیستمی پەروەردەدا کە تا ئەوکات لە سیستمی پەروەردەدا گرنگییەکی زۆرتر دەدرا بە کەرستە و شوێنی قوتابخانە و ...تاد. بەڵام لە ئێرانی ژێر دەستی کۆماری ئیسلامیدا هەمدیسان سەرەڕای ئەوەی کە هەیئەتێکی ئێرانی بە سەرپەرەشتیاریی «محەممەد عەلی نەجەفی» لەو دانیشتنەدا ئامادە بوون و ئەو پێشنیارەشیان واژۆ و قەبووڵ کرد، لە بەرانبەردا ڕۆژی دوازدەی گوڵان بە ڕۆژی مامۆستا دەناسێندرێت و هۆکارەکەشی کوژرانی بەهەشتییە لەو ڕۆژەدا کە ئەوە خۆی لە خۆیدا نیشاندەری ئۆلگوو و ڕێچکەی مامۆستایە لە ئێرانی ئێستادا و دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوان چ چاوەڕوانییەکیان لە مامۆستا هەیە و کێ بە مامۆستا دەناسن.

بە سەرنجێکی ورد لە سیستمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی، بۆت دەردەکەوێ کە ئاستەنگ و کێشەکان لە هەر هەموو ئاستەکانی بەڕێوەبەری، دامەزراندن، نرخاندن، بودجەی قوتابخانەکان، ڕێژەی دەرچوون، چۆنیەتی قوتابخانە و کەرەستە و ئامێرەکانی فێر کردن، مووچەی مامۆستا و دۆخی ڕەوانیی مامۆستا و قوتابی و ناوئاخنی پەرتووکەکان و هەڵاواردنی ڕەگەزی و نەتەوەیی و ئایینی هەم لە ناو بابەتە دەرسییەکان و هەم لە دامەزراندنی مامۆستادا و نەبوونی مۆڵەت بۆ دامەزراندن و چالاکیی یەکیەتییەکانی مامۆستایان و نەبوونی ئیزنی خوێندن بە زمانی زگماکی و ....تاد، هەر هەموو ئەو سیستمەی تەنیوە. هەڵبەت سەرجەمی ئەو کێشانە لە ئێستادا پێکنەهاتوون و تەنانەت سەمەد بێهرەنگی لە سەردەمی خۆیدا «کونج و کوڵێك بە پەروەردەی ئێراندا» دەکات کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەک تەنیا ئەو ئاستەنگییانە چارەسەر نەکراون، بەڵکو کێشەکان ئاستی جیاوازتر و بەرفراوانتریشیان بەخۆوە گرتووە. لە هەمان کاتیشدا سێ مانگرتنی سەرانسەری دوا بە دوای یەکی زستان و بەهاری ڕابردووی مامۆستایان نە تەنیا هیچ دەرەنجامی نەبوو، بەڵکو لە کۆتاییدا ڕووبەڕوی زەخت و توندئاژۆیی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم بۆوە و تا ئێستاش زۆربەی بەرپرسانی کانوونی سینفیی مامۆستایانی ئێران و مامۆستایانی چالاك لە شارە جۆربەجۆرەکانی ئێران و بەتایبەتی تاران و هەمەدان و شیراز دەستبەسەر کراون.

بەڵام دۆخی مامۆستایان، قوتابیان و قوتابخانەکان لە ناوچە کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان، زۆر جیاوازتر و ئەستەمترە لەوەی کە لە ناوچە فارس نشینەکانی ئێراندا بوونی هەیە، ئەو دۆخە لە کوردستان یەکجار نالەبارترە و مامۆستا و قوتابی و قوتابخانەکان سەرەڕای نەبوونی مافە نەتەوایەتییەکانیان وەك مافی خوێندن بە زمانی زگماکی، لەگەڵ زۆر کۆسپ و کێشەی دیکە ڕووبەڕون کە زۆر جار وەك سووتان و مەرگی قوتابیانی شیناوێ و نشکان، لە کێشە دەترازێ و دەبێتە خەسار و ئەزمە.

لە چوار پارێزگای کوردستانی ئێران ڕێژەی کەمیی مامۆستا و بەتایبەتی مامۆستای پسپۆڕ و ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن بەتایبەت لە ناو قوتابیانی کچدا، بە هۆکاری جۆراوجۆری وەك زۆرەملی بوونی دانی پارەی یارمەتی بە قوتابخانە کە خۆی دژ بە ماددەی سێ و سی لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامییە و هەروەها نەبوونی قوتابخانە بەتایبەتی لە گوندەکان ( بۆ نموونە لەحاڵی حازردا ناوچە و ئاواییەکانی سەرشیوی سەقز، جەوشەن، عەرەب لەنگ، کەسنەزان، سۆموقڵوو، قشلاغ و.. لە قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی بێبەرین)، هەروەها دەرکران و دوورخستنەوەی مامۆستایان بە هۆکاری سیاسی و ئایینی (بۆنموونە مامۆستا عابد پەرویزی مامۆستای دواناوەندی قوتابخانەکانی شاری پیرانشار بە هۆی چالاکیی فەرهەنگییەوە لە ژێر گوشار و هەڕەشەی دەرکردن دایە) ، یەکجار بەرچاوە. ڕێژەی کەمیی مامۆستا لە چوار پارێزگای کوردنشینی ئێران یەکجار بەرچاو و مەترسیدارە. لە ساڵی خوێندنی ڕابردوودا ڕێژەی کەمیی مامۆستا بریتیە لە: لە پارێزگای ئیلام هەزار و چوارسەد مامۆستا، لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا سێ هەزار و چل مامۆستا و لە پارێزگای سنە کە تا ئێستاش ئاماری ڕێك نادەنە دەرەوە، بە وتەی بەرپرسی پەروەردەی ئەو پارێزگایە، زیاترین ڕێژەی کەمیی مامۆستا هی شاری بانەیە و بۆ تێهەڵێنانەوەی ئەو کەم و کورتییەش کەڵك لە سەرباز – مامۆستا وەردەگرن کە ئەوەش خۆی یەکێکە لە خەسارەکانی پەروەردە.

ئەو ساڵیش وەك سەرجەم ساڵانی پێشوو لە ڕۆژێکدا پێدەنێینە ڕۆژی جیهانیی مامۆستایان و پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە بەتایبەتی لە مامۆستایانی کورد دەکەین کە مامۆستای ئێران بەگشتی و کوردستانی ئێران بەتایبەتی بە دەست کەمیی مووچە و گوزەرانی ژیان و ناچاربوون بۆ هەبوونی پیشەی دووەم و سێیەم و دەستبەسەر و دەرکرانی مامۆستایانی جیابیر و چالاکەوە دەناڵێنێت و قوتابیانی ئێران بەگشتی و قوتابیی کورد بەتایبەتی بە دەم کەمیی مامۆستا و گرانیی نرخی پەرتووکی خوێندن و چوونە سەری ڕێژەی قوتابیانی تووشبوو بە مادده هۆشبەرەکان، دەستتەنگی بنەماڵەکان و دانی زۆرەملیی پارە بە قوتابخانە و...تاد، و قوتابخانە و بەرپرسانی قوتابخانەکانیش بە دەم نەبوونی بودجە و سەرانەی پەروەردەیی و گرنگی زۆرتر دانی بەرپرسان بە بەشی پەروەرشی تا فێرکاری و کەمیی مامۆستای پسپۆڕ و زۆر بوونی ڕێژەی مامۆستایانی سەرباز – مامۆستا و نەبوونی ئامێری فێرکاری و ئامرازی خەڵاتکردن وهاندانی قوتابیان و داڕمایی بەشێکی زۆر لە قوتابخانەکان بەرەو ڕوون و یەکێتی و ئەنجومەنەکانی مامۆستایان بێ مۆڵەتن و ئەنجومەنی مامۆستایانی پارێزگای کوردستان و مەریوانیش دەنگ هەڵبڕینەکانی زستان و بەهاری ڕابردوویان بێ دەرەتان و ئەنجام ماوەتەوە.

کێشەی سیستمی پەروەردە لە ئێرانی ئێستادا کێشەیەکی ئیدئۆلۆژیك و فەلسەفییە، واتە ڕوانگەی ئەو سیستمە بۆ سیستمی پەروەردە و قوتابخانە و مامۆستا و قوتابی. سیستمێك کە ئامانجە ئارمانییەکەی بریتییە لە (لقا الی اللە) واتا گەیشتن بە خوا کە هیچ پێوەرێکی بۆ هەڵسەنگاندن نییە و لە هەمان کاتیشدا مامۆستا فەرمانبەرێکی حکومەتە کە دەبێ لە ڕێگای وانە و پەرتووکی دەرسییەوە بابەتە دڵخوازەکانی سیستم بخاتە ناو مەخزەن و کۆگای مێشکی قوتابییەکانەوە و ئەوانیش هێندەی دووپات و چەند پات بکەنەوە تا ببێتە بەشێك لە ژیان و هزریان، هەر بۆیەش هەر گۆڕانکارییەك لە سیستمێکی پەروەردەیی تۆتالیتێریی ئەوتۆدا مەحاڵە، چونکە هەر گۆڕانکارییەك لەو سیستمەدا پێویستی بە گۆڕینی فەلسەفەی پەروەردەی ئەو وڵاتە هەیە و ئەوەش واتای دیکەی زۆری بەدواوە هەیە.

سەلام ئیسماعیلپوور



بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر ئەبێ
قوڕ بە سەر ئەو دوژمنەی هیوای بە
بەندیخانەیە

دەگمەنن ئەو مرۆڤانەی کە بۆ ئازادیی
خەڵک و رزگاریی خاکەکەیان
سنوورەکانی خۆشویستنی ژیان و ئازادیی
خۆیان بە هەنگاوی بەرز و ورەی پۆڵایین
تێ دەپەڕێنن و
لووتکەی چیا لە بەردەم باڵای بەرز و
هیمەتی دلێرانەیان ئەژنۆی شل دەبێت.
لە نێو ئەو کەسە دەگمەنانەشدا کۆترە پێ
بە زنجیرەکانی نیشتمانی ئێمە دەگمەنن.
دەگمەنن
چوونکە لە شەقڕنی باڵەکانیان نەک هەر
دیواری بەندیخانە،
بەڵکوو دیواری ورەی زیندانەوان و
جەللادیش دەڕووخێنن و دڕ بە پەردەی
سامی شەوزەنگ دەدەن و پەرتووکی
نەزانییەکی پیری پیرۆزکراو دەدڕێنن.

دەگمەنن،
چوونکە بوونیان هەناسەیە بۆ گەرووی
پڕزامی داربەڕوویەکی زاگرۆس کە لە
لێزمەی خوێنیدا پۆستاڵی رەشی پاسدارانی
تاریکی و کاسکێتی بریقەداری ژاندارمە
مەغروورەکان نفرۆ دەبێت و
ئەم هەتا دێت زام لە دوای زام و تەور لە
دوای تەور بە ئەرشیڤی مێژوو دەسپێرێت
و چرۆ دەکات و بە کوێریی چاوی
بۆڵدۆزرەکان،
بەژنی سەوزی دەکاتە بەڵگەی
زیندووبوونی چیا.
دەگمەنن،
چوونکە ناویان تroوسکایی ئەستێرەیەکی
دوورە کە بە داسی پریشکەکانی،
خەرمانەی گوڵجاڕەکانی هەموو ئاسمان لە
رۆژهەڵاتەوە تا رۆژئاوا بۆ نەوەکانی ئەم
خاکە بەپیتە دروێنە دەکات.
لە سپێدەی هیوای کورددا،
ئەو کاتەی کە ڕەوڕەوەی موژدەی
سەرکەوتن قوژبن بە قوژبن،

دۆڵ بە دۆڵ،
وڵات بە سەر دەکاتەوە، ئێوە لەوێن.
لەوێن و هەر بەو دەستانەتان کە قوفڵی
کەلەپچەیان ماندوو کرد،
ئاگری نێو مەشخەڵدانی پڕبڵێسەی
نه ورۆز هەڵدەکەن.
لەوێن  و وە بیری نەوەی ئەو رۆژەمان
دێننەوە
کە ڕووناکیی ئۆجاخی ئەم نیشتمانە
قەرزداری چرکە بە چرکەی هەناسەکانی
بەرخۆدانی ئێوە بۆ راگرتنی ژیلەمۆی
ژیان
لە بەر هورووژمی ڕەشەبا و زریانی
رۆژگارە سەختەکاندایە.

لەو رۆژەدا و
ئێستا و
هەتا رۆژێک کە هەین...

لە بیر ناکەین
ئەوان کێ بوون کە بە جەستە دیل بوون،
گیران...
بەڵام ورە و باوەڕی وان ئاسمانێک بڵیندتر
بوو لە دیوار و میچی زیندان.
لە بیر ناکەین
ئەوان رەنجی ئەشکنجە و زامیان گرتە
خۆ،
بەڵام قەد نەبوون بە کۆیلەی زستانی
پیری سەرەڕۆ.






بڵاو کراوەی نوێ

بەرهەمی دوو پێشـــمەرگەی حیزبـــی دێموکرات چاپ و بڵاو کرایەوە

دوو کتێبی پێوەندیدار بە ئایینی دێرینی زەردەشـــت لەلایەن دو پێشـــمەرگەی حیزبەوە لە زمانی فارســـییەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی و پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کرا.

هیـــوا میرزایی بـــە وەرگێڕانی کتێبی « زەردەشـــت و دینی بهدینـــان ، لەگەل پەیامی زەردەشـــت « لە نووســـینی «عەلی ئەکبەر جەعفەری» و شـــەماڵ تەرغیبی بە وەرگێڕانی کتێبی «ســـەرهەڵدان و ئاوابوونی زەردەشتیگەری» لە نووسینی «ئار. ســـی.زێنێر» توانییان خزمەتێکی دیکـــە بە کتێبخانەی کوردی بکەن.

نێوەڕۆکی ئەم کتێبانە باسێکی پوختە لەسەر ژیانی زەردەشتی پێغەمبـــەر و شـــێوازی ســـەرهەڵدان و دەرئەنجامـــی ئاییـــنی زەردەشتی.

ئـــەم دوو بەرهەمە لەلایـــەن دەزگای ڕۆشـــنبیری «جەماڵ عێرفانەوە» چاپ و بڵاو کراوەتەوە

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ■ No: 662 ■ 7 oct 2015

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

## ساڵانە ١٧ میلیۆن کەس بە هۆی نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنەوە دەمرن



ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ڕایدەگەیەنێت، ساڵانە ١٧ میلیۆن کەس بە هۆی نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێنەوە دەمرن.

لە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییەکانی دڵ، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی داوا لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکات هاوکاری بن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو نەخۆشییانە.

who دەڵێت لەسەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، نەخۆشییەکانی دڵ هۆکاری ٪٥٥ ی حاڵەتەکانی مردنن.

خواردنی ناتەندروست، وەرزش نەکردن و ستایلی ناتەندروستی ژیان لە گرینگترینی ئەو هۆکارانەن کە دڵ نەخۆش دەخەن و لە لێدانی دەخەن، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی داوا دەکات بەر بە نەخۆشییەکانی دڵ بگیردرێت.

## ناسا شوێنەواری ئاو لەسەر هەسارەی مەریخ دەدۆزێتەوە



بۆ یەکەم جار ئاژانسی ناسا شوێنەواری ئاو لەسەر هەسارەی مەریخ دەدۆزێتەوە.

ئاژانسەکانی هەواڵ بڵاویانکردەوە زانایانی ناسا شوێنەواری چەند جۆگەیەکی ئاوی سوێریان لەسەر نشێوییەکانی هەسارەی مەریخ دۆزیوەتەوە و ئەمەش ئەگەری بوونی ژیان لەسەر ئەو هەسارەیە زیاتر دەکات.

لەو بارەیەوە جیم گرین بەڕێوەبەری زانستی هەسارەیی و جۆن گروسفێڵد یاریدەدەری ناسا بۆ کاروباری زانستی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بوونی شلەی ئاویان لە بەشە بەستووەکەی هەساری مەریخ ئاشکرا کرد و ڕایانگەیاند دوای چەندین لێکۆڵینەوەی ورد بۆمان دەرکەوتووە کە هەسارەی مەریخ هەسارەیەکی وشك و بێئاو نییە و لە ڕابردووا هاوشێوەی زەوی، دەریا و دەریاچە و ڕووباری هەبووە، بەڵام بەهۆی ڕووداوێکەوە ئاوی ئەو هەسارەیە وشك بووە.

## نەعنا سەوزەیەکی شفا بەخشە

خـــواردنـــەوەی شـەربـەتـی نەعنا چارەسـەری حاڵەتی داهێزرانـی لەش دەکات لەکاتی سترێس و خەمۆکیدا.

بەپێی توێژینەوەکان ڕێژەی خواردنی خۆراك و زیاد بوونی کێشی لەش لەو کەسانەدا کە تووشی خەمۆکی بوون، بە خواردنەوەی شەربەتی نەعنا چارەسەر بێت.

گـەڵای نەعنا سەوزەیەکی ناسراوە و یەکێکە لە باشترین خواردنەکان کە یارمەتی کەمکردنەوەی ئـازاری سەر دەدات. هـەروەهـا خـواردنـەوەی چای نەعنا سووڕی خوێن خێرا دەکات و دڵ چالاك دەکات.

نـەعـنـا چـارەسـەرێـکـی بـاشـە بۆ هەوکردنی گەدە و ڕیخۆڵە و هاوسەنگیی ترشیی گـەدە ڕادەگـرێـت. کوڵاوی پەرداخێك لە ئاو و نەعنا بەبێ شەکر،



بۆ هێورکردنەوەی مێشك و چارەسەری لاوازی و زڕاندنی خەو و بەهێزکردنی جگەر و پەنکریاس و کەمردنەوەی کۆکە چارەسەرێکی زۆر باشە.

ئەگەر گەڵای نەعنا بخرێتە ئاوی گـەرمـەوە و دواتـر پێی تێبخرێت، بۆ چـارەسـەری ئـازاری پێ بـەسـودە. لە کاتی تووشبون بە هەڵامەت و پەسیوی، خواردنی نەعنا یارمەتی بە کرانەوەی سییەکان دەدات و هـەنـاسـەدان هێور دەکاتەوە.

هەورەها بەکارهێنانی نەعنا لەسەر پێست دەبێتە هۆی سپیکردنەوەی پێست. دەکرێت لـە بـری چـای نەعنا، چەند گەڵای نەعنا بخەیتە ناو ئاوی گەرمەوە و چەند خولەکێك دواتر بیخۆیتەوە تا سودەکەی زیاتر و کاریگەرتر بێت.

## پێش خەوتن ئەم خواردن و خواردنەوانە مەخۆن

بە کۆمەڵێک خواردن و خواردنەوە ئاشناتان دەکەین کە دەبێت پێش ئەوەی بخەویت نەیان خۆن چوونکە زیانی دەبنە هۆی درەنگ خەو لێکەوتنتان.
بەپێ لێکۆڵینەوەکان نابێت ئەم خواردنانە پێش خەوتن بخۆیت بۆیە لە خواردنیان دور بکەوەرەوە.

یەکەم
خواردنە چەورەکان: پیتزا ،پەتاتەی سورەوکراو، جۆرەکانی هەمبەرگر چوونکە ئەم خۆراکانە ماوەیەکی دەوێت بۆ ئەوەی هەرس ببن ئەوەش ڕێگری لە خەوتنتان دەکەن و ناڕاحەتتان دەکەن.



دووەم
ئەو خواردنانەی پرۆتئینیان زۆرە.

سێهەم
ساردەمەنیەکان بە تایبەت ئایسکرێم و هاوشێوەکانی چوونکە شیرینن و هۆکارێک دەبن بۆ ئەوەی درەنگ خەوتان لێ بکەوێت.

چوارەم
سـەوزەوات وەک : پیاز،کەلەرم و هاوشێوەکانی چوونکە ئەمانە دەبنە هۆی دروستکردنی گازات لە گەدە و هۆکارێکن بۆ نارەحەتی و درەنگ خەو لێکەوتن.

پێنجەم
ئەو خۆراکانەی ئاودارن وەک : شووتی و خەیار و کاڵەک و کەرەفس.

شەشەم
قاوە کە هۆکارێکە بۆ ئەوەی درەنگ خەوت لێبکەوێت بۆیە هەوڵ بدە پێش خەوتن قاوە نەخۆیتەوە.

حەوتەم
شۆکۆلاتی ڕەش
ئەمەش جۆرێک لە مادەی تێدایە کە وا دەکات کێشەت بۆ دروست بێت و نەتوانی بە زووترین کات بخەوی.

زایەڵە

## ئارام

خێر و بەرەکەتـی ڕێژیمی عەدڵی ئیلاهـی، واتـە ڕێژیمی پـڕ لە داد و عەداڵـەت و تەدبیـر و ئینسـافی ویلایەتـی فەقیهی لە مـاوەی زیاتر لە ٣٦ سـاڵی ڕابـردوودا ئەوەندە زۆر و لـە ئەژمارنەهاتـووە کـە لیژنەی تایبەتـی زانایانـی بەنێوبانگی بوارە سیاسـی، مێژوویی، کۆمەڵناسـی و دەروونناسـیەکان بـە دەیان سـاڵ کارکردن هێشـتا بە تـەواوی ناتوانن زەرەر و زیانە سیاسـی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانـی کردارەکانی ئەم ڕێژیمە بە نیسـبەت کۆمەڵگای ئێران هەڵسەنگێنن و شیکارییان بۆ بکەن.

گـەر بـاس لـە سـتەمکاری، نادادپـەروەری و زیانەکانی ڕێژیمی ئیسـلامیی تاران دەکەیـن، یەکدا بە دوو مێشك و بیرەکان بەرەولای ستەمە سیاسییەکان و ئێعدام و ئەشکەنجەکان دەڕوا و هەمـوو ئـەو دڕندەییانـەی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی دێتەوە بەر چاو، بەڵام هەندێك لایەنی دیکەی خێر و بەرەکەتی کۆماری ئیسـلامی هەیە کە ڕەنگە چوونکە شێوەی کاریگریی ڕێژیم لەو بوارانەدا ناڕاستەوخۆیە، ئیتر بە ئاسانی ناسـەلمێندرێ کە دەستی ڕێژیم لەو جۆرە دیاردانەشدا هەبێ.

بۆ وێنـە باسـکردن لـە خراپ بەکارهێنانـی ئـاو و پەرەسـەندنی وشکەساڵی و وشکبوونی سەرچاوەکانی ئاو لە ئێراندا، ڕەنگە لە یەکەم ڕوانیندا دەستی ڕێژیمی تێدا نەبیندرێ، بەڵام کە لێی وردتر دەبیتەوە و بێمودیریەتی و سیستمی ناکارا و گەندەڵی ئیداری و دابیننەکردنی ئاو بەشێوەی زانستی بۆ ماڵان و بۆ کشـتوکاڵ و وشككردن و سـووتاندنی بەئەنقەستی جەنگەڵ و دارسـتان بۆ خواردن و داگیرکردنی زەوییەکانـی و ... چەندین هۆکاری دیکـە هەڵدەسـەنگێندرێ، ئەوکات دەستی ڕێژیم ڕوونتر دەردەکەوێ.

ڕۆژی یەکشـەممە ١٢ی ڕەزبەر، لە سـەر ڕێگای شاری «باشت» لە پارێزگای کۆهکیلوویە، خاوەن ماشینێك داربەڕوویەکی ٤٠٠ ساڵەی بڕیوەتەوە. بە پێی زانیارییەکان ئەو کەسـە پێشتر لە لایەن پۆلیسی ڕێگاوبانی ئێرانەوە بە پارە سزادرابوو کە گوایە بەخێرایی زۆر ماشینی لێخوڕیوە و ئەویش لە تۆڵەدا داربەڕووە ٤٠٠ ساڵەکەی بڕیوەتەوە. بە پێی زانیارییەکان پۆلیسـی ڕێگاوبان لە بن سـێبەری ئەو داربەڕووە خۆیان حەشار دەدا و خاوەن ماشینەکانیان سزا دەدا، ئەو کەسەش لە داخان ئەو دارەی بڕیوەتەوە.

کۆماری ئیسـلامی تا ئەو ڕادەیە کۆمەڵگای بەرەو لادانی کۆمەڵایەتی و هەرەسهێنانی ئەخلاقی هان داوە کە پۆلیسی ڕێگاو بان لە باتی دابینکردنی ئەمنیەتی ڕێـگاکان، وەکوو چەتە و ڕێگر لە بن دار و بەرد خۆیان دەشارنەوە و خاوەن ماشینەکان ڕادەگرن و پارەیان لێ دەسـتێنن ، زۆربـەی هەرەزۆری جارەکانیش پارەی کەمتر بەناوی سـزا و پارەی زیاتر وەکوو بەرتیل وەردەگرن و گوشـار بۆ خاوەن ماشینەکان دێنن. ئەو خاوەن ماشـینانەش ئەوەندە ڕق لە دەسـەڵات و حکوومەت هەڵدەگرن کە دار و بەردیان لـێ دەبێ بە نوێنەری دەسـەڵات و حکوومـەت و دارێکی ٤٠٠ سـاڵە تەنیا لە بـەر ڕازیکردنی هەستی تۆڵەسەندنەوە و ڕقی دەروونی دەبڕدرێتـەوە، بـێ ئـەوەی بیر لەوە بکاتـەوە کە لە ئاکامدا ئەوە کۆمەڵگا و سرووشـتن کە لەو کردارەدا خەسـار دەبینن.